# چۆن باشووری کوردستانم دی پاش چارەکە سەدەییێك دووری

به پێنووسی د. جەواد مەلا

## پێشەکی

چۆن باشووری کوردستانم دی پاش چارەکە سەدەییێك دووری، پێش دەستکردن بە بابەتەکە پێویستە باسی ئەو هۆیانە بکەم کە هانیان دام بۆ ئەو سەردانە، کە بەکورتی ئەمانەن:

1. تامەزرۆیی تەواوم بۆ بینینی کوردستانی نیشتمانم کە دوور لێیەوە لەدایکبووم و هەر لە منداڵیەوە بەنهێنی شەیدای بووم و ئەو کاتەش وام دەزانی کە من تاکە شەیدایم.
2. ئەو هەموو کارەساتانەی کە لەماوەی دووریمدا بەسەر گەلی کوردماندا هاتن، هەر لە ئەنفالەوە بیگرە تا کارەساتی هەڵە بجە وکۆچڕەوە ملیۆنیەکە...
3. سەرلێشێواوی و دوودڵی سەرکردایەتی پارتە کوردەکان و نەزانیيان سەبارەت بەو ئامرازانەی کە پێویستن بۆ وەستاندنی خوێنچوونی کورد یان شکستیان لە دۆزینەوەی ڕێگاییێك بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە سەرەڕای ئەو هەموو توانایەی کە لەژێر دەستیاندایە، من دڵنیام لەوەی کە چارەانی دەوڵەتی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان تاکە چارەسەرە، چونکە تەنیا بە دەوڵەتی کوردی دەتوانین پارێزگاری لە خوێن و ئابڕوو و موڵکیەتی نەتەوەی کورد بکەین. بەبێ ئەوەش نەتەوەی کورد تا قیامەت هەر لەژێر مەترسیدا دەمێنێتەوە.

## ئەزموونەکانی ڕابوردوو کە بوونە هۆکاری سەردانەکەی ئێستام بۆ باشووری کوردستان

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەییێکن بۆ ئەو هۆیانەی کە هانیاندام بچمەوە تا ببینم لە کوردستاندا چی ڕوودەدات، وئەم ئەزموونە دەخەمە پێش چاوی خوێنەر تاکو بەراوردبکرێت لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی پێش 25 ساڵ و پێش 40 ساڵ و ئەو سەرەنجامانەی کە پێیانگەیشتم سەبارەت بە باری کوردی ئێستامان لە باشووری کوردستان... ئایا گەلەکەمان بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا بەرەو دانانی دەوڵەتە؟ یان بەرەو ملشکان؟ تاکو هەمدیسان هەروەك هەموو جارێك لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە:

1. لەساڵی 1972 چووم بۆ باشووری کوردستان لەسەر داوای فەرمی کاك عادل موراد (ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیێتی نیشتمانی کوردستان وباڵوێزی ئێستای عراق لە ڕۆمانیا) سەرۆکی یەکیێتی قوتابیانی کوردستانی ئەوسا، بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی گشتی قوتابیانی باشووری کوردستان و ئەوکاتە من سەرۆکی یەکیەتی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان بووم "یەکێك لە ڕێکخراوەکانی کاژیك"، من داوەتنامەکەم قبوڵکرد و بەشداریم لە کارەکانی کۆنگرەکەدا کرد کە لە شاری سلێمانی بەسترا، پاش ئەوەی کۆنگرەش تەواوبوو خوالێخۆشبوو موستەفا بەرزانی بانگی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی کورد کە میوانی کۆنگرەکە بوون تاکو لەگەڵیدا لە گوندی دیلمانی سەر شاخەکانی قەندیلی باکوور کۆببینەوە، منیش یەکێك بووم لەوانە کە نوێنەری یەکیەتی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان بووم و کاك غازی فەرحۆ نوێنەری قوتابیانی کورد لە لوبنان و کاك تارق ئاکرەیی (باڵوێزی ئێستای عراق لە نەمسا) نوێنەری قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بوون، بۆیە لە سلێمانیەوە چووین بۆ هەولێر و لەوێ بەڵگەنامەی ڕێلێنەگرتنمان لە خوالێخۆشبوو موقەددەم روکن عەزیز عەقراوی بەرپرسی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر وەرگرت و پارێزگاری هەولێریش کاك عەبدولوەهاب ئەتروشی ماشێنێکی پڕ لە چەکداری سنووری لەگەڵدا ناردین، و ڕێگای هاملتنمان گرتەبەر بەرەو ناوچەی ناوپردان کە بارەگای سەرکردایەتی

شۆڕشی تێدابوو، لەویٚ وەك میوانی شۆڕش لە کۆشکی ئاشتی دابەزین و لەگەڵ ژمارەییێك لە سەرکردەکان کۆبووینەوە و پاشان چووین بۆ گوندی قەسری کە بارەگای خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی تێدابوو لەویٚ لەگەڵ ئەودا نانی نیوەڕۆمان خوارد و پاشان چووین بۆ گوندی دیلمان کە بارەگای سەرۆك بارزانی تێدابوو، پێشوازی لێکردین و چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵیدا تا 12 ی نیوەشەوی خایاند و وتە بەناوبانگەکەی دووپاتکردەوە بۆمان: "قوتابیان سەرەڕمی هەموو خەباتێکن"، و من پرسیارم لێکرد سەبارەت بە حزبەکانی رۆژاوای کوردستان، سەرۆك بارزانیش وتی: "چەپ و راستیان هەموو بەبیٚ هیچ گومانێك خیانەتکارن" واتە مەبەستی لە سەرۆکەکانی چەپ و راست سەلاح بەدرەدین و حەمید دەروێش بوو، پاشان بە سەرۆك بارزانیم وت: "ئەزبەنی کاتێك لەسەر رێگامان بارەگاییێکی عراقیمان دەبینی دەمانزانی چونکە ئالأی عراقیان هەڵکردبوو، بەلأم بارەگاکانی پێشمەرگەمان نەدەزانی تاکو لێیان نزیك نەبووینایە چونکە ئالأی کوردستان بەرزناکەنەوە.." سەرۆك بارزانیش وتی: "تۆ راست دەبێژی"، بەلأم رۆژی دوایی یەکێك لە سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسی پێی وتین: "ئێمە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی و ئالأی کوردستانمان لا گرنگ نیە و ئەوە کێشەی ئێمە نیە بەڵکو ئێمە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین"، ئەو کاتە من قوتابی بووم و وام دەزانی کە ئەوان لە من باشتر دەزانن بەلأم دەرچوو کە نازانن، چونکە تەنانەت تیپێکی تۆپی پێش ئالأی خۆی هەیە، کەچی نەتەوەییێکی 40 ملیۆنی بیٚ ئالأیە، هەروەها پێیان وتم کە دەوڵەتی کوردی مەحاڵە چونکە هیچ دەرگا و رێگاییێکمان بۆ دەرەوە نیە و ولأتانی دراوسیٚ دوژمنایەتی دەوڵەتی کوردی دەکەن کەچی لە نەوەتەکاندا دەرکەوت کە دەرگای ئیبراهیم خەلیل نەك هەر بۆ کوردستان خۆی تەنانەت بۆ زۆر ولأتانی دیکەشە، واتە کوردستان خۆی رێگایە، هەروەها وەزیری بەرگری تورکیا خۆی باسی ئەم بابەتەی کرد و وتی: "ئەوەی نەوتی کەرکوکی هەبێت دەتوانیٚ رێگاشی بۆ بکرێت".

2. لە ساڵەکانی 1982-1984 بەشداریم لە شۆڕشی گولأندا کرد لە شاخەکانی قەندیل و سورێن و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی پاسۆك بووم و نوێنەری بووم لە سەرکردایەتی بەرەی جود، بەلأم نەم دەتوانی ئالأی کوردستان بەرزبکەمەوە و نەم توانی کتێبەکەم "کوردستان و کورد، نیشتمان و نەتەوەییێکی بیٚ دەوڵەت" چاپ بکەم چونکە بیروڕای پێچەوانەی هاوسوێندەکانی پاسۆکی لەبەرەی جوددا تێدابوو، هەر لەبەر ئەو بڕوایانەشم چەند جارێك تووشی هەوڵی کوشتنی سەرنەکەوتو هاتم، و چاکەی رزگارکردنی ژیانم دەگەڕێتەوە بۆ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، هەروەها د. شەوکەت بامەڕنی و خوالێخۆشبوو جرجیس فەتحوللاٚ و کاك جەلیل فەیلی و کاك سەرباز هەورامی و کەسانی دی کە رۆڵیان هەبوو لە تیمارکردنی زامەکانم و شاردنەوەم و گەیشتنم بە ئەوروپا بە سەلامەتی لە کۆتایی 1984 پاش قورتاربوونم لە یەکێك لەو هەوڵی کوشتنە سەرنەکەوتوانەی کە تووشیان بووم، هەزاران سلأو و ستایش بۆ گشتیان.




لەساڵی 1983 کاتێك سەرکردەی مەیدانی پێشمەرگە بووم

3. لە ساڵی 1985 هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنم بۆ ئەوروپا، داوای پێویستی بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانم کرد لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران تاکو ببێتە چەترێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد، ئەم پێویستیەش زیاتر بوو بە کۆچی هێمای ئەفسانەیی جەنەڕاڵ موستەفا بارزانی کە کەسایەتییەکی وای هەبوو ئەوەندەی کۆنگرەیێکی نیشتمانی بەوەی کە هەموو چینەکانی کۆمەڵ لەدەوری کۆببوونەوە، لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان مەسەلەی "سەربەخۆیی کوردستان"مان کرد بە هێمای نەتەوەیی خەباتمان لەژێر سایەی ئاڵا پیرۆزەکەی "ئاڵای کوردستان"، کە لە هەموو بۆنەیێکدا بەرزماندەکردەوە و لەسەر ئەوەش تووشی دەردیسەری زۆر بووین بەدەست سەرۆك و هەوادارانی زۆربەی پارتە کوردیەکان کە زۆر زیاتر جەنگی ئێمەیان دەکرد لەوەی دوژمنەکانی نەتەوەی کورد.




وێنەی هەندێك ئەندامی کۆنگرەی پێنجەمی نیشتمانی کوردستان کە ساڵی 2005 گیرا

4. لە ساڵی 1988 پاش چەندین ساڵ کاری بەردەوام بۆ زانینی چارەنووسی ئەو 8000 کوردە بارزانیانەی کە ڕژێمی عراق لە 1983 دا فڕاندنی، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوەتنامەییێکی فەرمیم پێگەیشت بۆ ئامادەبوون لە بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك، بەپێی چەند نامەیێکی کاك جهاد بارزانی و خوالێخۆشبوو شێخ محمد خالد بارزانی کە ناوی هەندێك لە ڕفێندراوەکانیان تێدابوو (نزیکەی 2280 ناو) لەگەڵ شوێن و بەرواری لەدایکبوونیان ئەمانەم لە ڕاپۆرتەکەمدا بەکار هێنا و پاش ئەوەی کردم بە ئینگلیزی پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکانم کرد، کاتێك کە داوەتنامەکەم پێگەیشت نەمتوانی ڤیزای ئەمریکا وەرگرم چونکە پاسپۆرتەکەم لە 6 مانگ کەمتری تێدا مابوو و باڵوێزخانەی ئەمریکا داوای لێکردم کە درێژتری بکەمە کە بەروارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەفتەیێك کەمتری مابوو، بۆیە ڕۆژی دوایی چووم بۆ بەشی پاسپۆرتی وەزارەتی ناوخۆ لە ناوچەی (کرۆیدۆن) و ئاڵای کوردستانم کرد بە سنگی خۆمدا و لە تووڕەییدا چاوم ئاگریاندەکردەوە، بە فەرمانبەرەکەم وت کە ئەمەوێ پاسپۆرتەکەم نوێبکەمەوە ئەویش وتی کە ئەمرۆ دەینێرێت بۆ بەشی نوێکردنەوە و لەماوەی دوو سێ هەفتەدا بە پۆست بۆم دەنێرنەوە، پێم وت هەر ئەمڕۆ دەمەوێت و ناچمە دەرەوە بەبێ ئەوە، ئەویش بەتووڕەی زیاترەوە وتی: نا، لێرە یاسا هەیە و من ناتوانم لەوە زیاتر هیچی دی بکەم، منیش بە دەنگێکی هێمن بەلاّم بە مۆنی و چاوم بڕییوە چاوی و وتم: پێش چەند ڕۆژێك ڕژێمی عراق 5000 کوردی لە شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی کوشت منیش ئەمڕۆ ئەگەر پاسپۆرتەکەم بۆ نوێنەکەنەوە خۆم دەکوژم بابن بە 5001 و ناچمە دەرەوە بەبێ نوێکردنەوەکە، ئەویش بە دوودڵی و پەشۆکانەوە وتی ئەچم ئەمە بە سەرۆکی بەرێوەبردن ڕادەگەیێنم، پاش چەند خولەکێك هاتەوە و وتی لە

5. لە مانگی ئاداری 1991 لەکاتی کۆچە ملیۆنیەکەی باشووری کوردستان من فەرمانم دا بە هەموو لقەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کە لە هەموو خۆپیشاندانەکانی بەردەم باڵوێزخانەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە هەموو لایەکی جیهاندا ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە و نامە بنووسن بۆ هەموو سەرۆکانی جیهان بۆ رزگارکردنی ئەو ملیۆنەها کەسەی کە وێڵی شاخەکان بوون و رزگارکردنیشیان بە بانگەوازی دەوڵەتێکی کوردی دەبێت و لە لەندەنەوە پەیوندیم کرد بە هەڤاڵانی کۆنگرەوە بۆ ئامادەیی یەکسەر لەبەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا و هەر لەماڵەوە تا باڵوێزخانەکە ئاڵای کوردستانم بەرزکردەوە، لەوێ سەدان کەسی کورد و ناکوردم بینی و چەند هەڤاڵێکم بینی کە لەدەوری ئاڵاکە کۆبوونەوە لەوانە شێخ لەتیف ( کوردستانی رۆژهەلات ) و شەریف ( کوردستانی باکوور ) و شێروان ( کوردستانی باشوور ) و چەندین لە هاورێ و کەسوکاریان.. پێشبینیمان ئەوەبوو کە دوژمنانی کورد و کوردستان هێرشمان بێننە سەر کەچی ئەوەی رۆویدا هێرشەکە بۆ سەر ئێمە و دژی ئاڵای کوردستان لەلایەن پارتە کوردیەکانەوە بوو، لێرەدا لەبەر راستی و مێژوو دەمەوێ کە بڵێم ئەو هێرشە بەم شێوەیە بوو: خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد و خێزانەکەی هاتن و ئەم گفتوگۆیە روویدا: ئیبراهیم ئەحمەد: "کاك جەواد ئەم ئاڵایە ئێستا کاتی نیە"، منیش پێم وت: "راست دەکەیت کاتی نیە چونکە دەبوایە پێش 40 ساڵ تۆ ئەم ئاڵایەت بەرزبکردایەتەوە.." ئنجا گەلاوێژخانی خێزانی هاتە پێشەوە و بە گاڵتەجاڕی و قێزەوە گوتی " ئەم پەڕۆیە چییە؟ دایگرن" یەکێك لە هەڤالانمان لەبەردەمیا وەستا و بەدەنگی بەرز گوتی "ئەم ژنە کێیە؟ بڕۆ بۆ ماڵەوەت". پاشان زاواکەیان کاك سەباح هات و پێی وتم: "کاك جەواد تۆی هۆی ئەم گێروگرفتە"، منیش چیتر وەلامم نەدایەوە چونکە بارودۆخەکە زۆر تێکچوو و شێخ لەتیف هات بۆ لام و وتی "من وابزانم نیازیان وایە ئەگەر ئاڵای کوردستان دانەگرین دەمانکوژن". ئینجا لێپرسراوی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن کاك هوشیار عابد هات و بە ئینگلیزی پێی وتم (You hijacked the demonstration) تۆمەتباری کردم کە "خۆپیشاندانەکەم فڕاندوە" و چەندین هەڕەشە و گوڕەشەی دی بە شێوەیێکی دوژمنکارانە. نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانیش کاك هوشیار عەبدولرەحمان (وەزیری کارەبای ئێستای حکومەتی کوردستان) هات و پێی وتم: "کاك جەواد ئەمەوێ دوور لە قەرەباڵغی بابەتێکم هەیە لەگەڵتا باسی بکەم"، کە چەند هەنگاوێك لە خۆپیشاندانەکە دوورکەوتینەوە پێی وتم: "من تۆزێك لەمەو پێش تێبینی ئەو دەمەقڕەیەم کرد کە لەگەڵ رێکخراوەکاند روویدا و لەوانەیە کارەکە بگاتە شەڕ و دەستوەشاندن، بۆ ئەوەی کە پۆلیس دەست تێوەرنەدا و لەبەردەم جیهاندا ئابڕوومان بچێت، کاتێ شەو داهات و قەرەباڵغی کەم بوەوە و بێ ئەوەی کەس ببینێت ئاڵاکەی کوردستان ببەرەوە ماڵەکەت"، منیش پێم وت: "من ئەو ئاڵای کوردستانەم هێناوە و نای بەمەوە بۆ ماڵەکەم" ، ئەویش وتی " کەواتە لەسەر لێپرساوی خۆت"، منیش وتم: "من بەرگریم نیە لەوە و ئامادەم بەرپرسیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بگرمە ئەستۆم". بە تووڕەیێکی پترەوە گەڕامەوە ناو خۆپیشاندانەکە و دیم کە کۆمەڵێك شیعە و شیوعی عیراقی دەوری ئاڵای کوردستانیان داوە و یەکێك لە هاوبیرەکانمان دەستنیشانی کرد کە من لێپرساوی ئاڵاکەم، ئەوانیش هاتن بەرەو رووم و پێیان وتم، بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەلایەن تۆوە مانای ئەوەیە کە تۆ عراق بەشبەش دەکەیت، منیش پێم وتن ئەم ئاڵایە ناوی ئاڵای کوردستانە و هیچ پەیوەندییێکی بە عراقەوە نیە، ئەگەر پێتان خۆشە بە سەرچاو ئەگەرنا لێی دوور بکەونەوە و لەژێریا مەوەستن. بەم شێوەیە سێ رۆژ لە دەمەقڕەی گەرم لەگەڵ هەموو پارتە کوردی و ناکوردیەکان روویدا و جەماوەریش هەمووی دەیبینی و دەیبیست تا لە ئەنجامدا بەیانی رۆژی چوارەم شوێنی خۆپیشاندانەکە پڕ بوو لە دەیان ئاڵا و تەنانەت چاکەتی منداڵانیش بە ڕەنگی ئاڵای کوردستان دووررابوون، لێرەدا بە هاوبیرەکانم وت ئاڵای کوردستان ترسی نەما

چونکە جەماوەر خۆی دایانچەقاند، جەماوەر کە خۆڕاگری ئێمە و ملکەچی پارتە کوردیەکانیان بینی هەر خۆیان هاتن و ئالآکانیان هێنا. هەموو رۆژێکیش نامەیێکم دەنارد بۆ سەرکۆماری ئەمێریکا جۆرج بوش (باوك) بۆ دەستێوەردان و وەستاندنی کارەساتی کوردستان و بە دەستی خۆم دەمدایە دەست باڵوێزخانەی ئەمێریکا و هەموو جارێکیش کە نامەکەم لەناو باڵوێزخانەکەدا دەدانە دەست ئالآی کوردستانم هەڵگرتبوو.





لەبەردەم باڵوێزخانەی ئەمێریکا لە لەندەن لەگەڵ هەندێك هاوبیرا نمان لە ئاداردی 1991

6. لە مانگی نیسانی 1991 داوەتنامەییێکی فەرمیم لە حکومەتی ئیتالیا بەدەست گەیشت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی شارە شەهیدەکان کە لەوانە هەڵەبجە و مارزابوتو بوون (مارزابوتو لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەسەر دەستی فاشستەکان تووشی قەلآچۆکردن بوو) لە 25 – 4 – 1991 چووم بۆ شاری مارزابوتو لە ئیتالیا لەگەڵ کاك عادل مراد و کاك جەمیل و کاتێك چووم بۆ هۆڵی کۆنگرەکە بینیم ئالآی ئیتالیا هەیە و ئالآی کوردستانم نەدی، منیش قایل نەبووم لە هۆڵەکە دانیشم بێ ئالآی کوردستان، ئینجا چووین ئالآییێکی ئیتالیامان هێنا کە رەنگەکانی بەتەواوی وەك ئالآی کوردستانە بەلآم بە هەڵەوگێڕراوی و رۆژەکەی تیا نیە، منیش هەڵمگێڕرایەوە تاکو رەنگەکانی بە هەمان سەرەی رەنگەکانی ئالآی کوردستان بێت و کاغەزێکی زەردم هێنا و وەك رۆژ بڕیم و لکاندم بە ئالآکەوە. یەك لە گرنگترین سەرە نجامەکانی کۆنگرەکەش ئەوە بوو کە توانیمان ئەندامێتی هەردوو شاری مارزابوتو و هەڵە بجە لە یەکێتی جیهانی شارە شەهیدەکان دابین بکەین لە پاڵ هیرۆشیما و ناگازاکی کە دووچاری بۆمبی ئەتۆمی بوون. دوای کۆنگرەکەش چووین بۆ دەرەوەی شار و درەختی کوردستا نمان چاند لە پاڵ درەختی ڤییێتنام و فەلەستین و گەلانی ئازادیخوازی دی. لەگەڵ کاك عادل مورادیشدا چەندین مەدالیامان لە لێپرسراوانی ئیتالی وەرگرت. سەرۆکی کۆنگرەکە بەرێز کورویکی بوو کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی جیهانی و بەشدارکاری وتووێژی ئاشتی نێوان ڤییێتنام و ئەمێریکا بوو. بەلآم ئێوارەی رۆژی دووەمی کۆنگرەکە لە تەلەفزیۆنی ئیتالی بینیمان کە سەرکردەکانی کورد گەیشتنە بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ سەددام حسێن و وتووێژەکەشیان بە ماچکردنی تاوانبار سەددام حسێن دەستپێکرد، کە ئەمە کارەساتێك بوو کاتی خۆی لە وتارێکمدا بەناوی "ماچی ملکەچی" باسمکرد، لێرەدا بەرێز کورویکی هەستایە سەرپێ و وتی "لە ژیا نمدا نەمدیوە وتووێژ بە ماچکردن دەستپێبکات، بێگومان ئەو وتووێژە سەرکەوتو نابێت"، پاشان بەرێز کورویکی وتی: "کاتێك شاندی ڤییێتنامی و ئەمێریکا ئامادەی وتووێژ

دەبوون، هەریەکەیان لە دەرگاییێکی جیاوازە و دەهاتنە ژووریٚ و هەریەکەشیان لە سەرێکی جیاوازی مێزەکە دادەنیشتن و هەرگیز تەوقەشیان نەدەکرد.. وە هەر رۆژێکیش وتوویٚژی تیٚدا بکرایە جەنگەکان لە ڤییٚتنام توندوتیژتر دەبوون وەك لە رۆژەکانی دی".



بەڕێز کورویکی لە ناوەراستدا وەستاوە وتار دەبێژێ و لەراستیەوە پارێزگاری مارزابوتو وکاك عادل مراد ومن لەژێر ئالأی کوردستان


بەرێز کورویکی لەگەڵمان لەدەرەوەی شاری مارزابوتو داری کوردستان دەچێنین لە پالٚ داری گەلانی دی کە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکەن



هەندێك لەو مەدالیایانەی کە لە حکومەتی ئیتالی پاش تەواو بوونی کۆنفرانسەکە

7. لە ساڵی 1997 کەناڵی ئەلجەزیرە داوەتنامەیان بۆ ناردم بۆ بەشداری لە بەرنامەی (الاتجاه المعاکس) بە راستەوخۆ بۆ ماوەی دوو سەعات بەبەڕێوەبەرایەتی د. فەیسەل ئەلقاسم، د. فەیسەڵ بلیتی فڕۆکەی لەندەن – قەتەر و قەتەر – لەندەنی لە پلەی یەك بۆ ناردبووم و ژوورێکیشی لە هۆتێلی شیراتۆن کە یەکێکە لە قەشەنگترین هۆتێلەکانی قەتەر، بۆ گرتبووم. لێرەدا دەشێ باسی رووداوێکی پێکەنیناوی بکەم کە کاتی گەیشتنم بۆ هۆتێلەکە و وەرگرتنی ئەو ژوورەی کە بەناوی منەوە پێشتر ئامادەکرابوو روویدا، وا دیارە کە ئەو کەسەی پێش من لە ژوورەکەدا بوو کلیلەکەی لەگەڵ خۆی بردبوو و بەڕێوەبەران پێیان وتم کە کلیلێکی دیم بۆ ئامادە دەکەن ئەوجا هەرجارێك دەچووم بۆ ژوورەکەم دەبوایە یەکێك لە کارمەندەکان بهاتایە لەگەڵم تاکو دەرگای بۆ بکردمایەتەوە تاکو حەوسەڵەم نەما و چووم بۆ بەڕێوەبەرایەتی و بە بەڕێوەبەرم وت هەر ئێستا ژوورێکم دەوێ کە کلیلی هەبێ و ئەوانیش داواکاریکەمیان جێبەجێکرد، پاش ماوەییێك د. فەیسەل سەردانی کردم و پێی وتم: من وام زانی لە ژوورێکی دی دادەنیشی، منیش وتم بەڵێ، بەڵام من نەم ویست چونکە وەکو ئۆتۆنۆمی وابوو، هەرجارێك دەمویست بۆ ژوورەکەم دەبوایە کەسێکی نەناسراو بێت و ژوورەکەم بۆ بکاتەوە تۆش دەزانی من هەواداری دەوڵەتی کوردی سەربەخۆم و لە هەوادارانی ئۆتۆنۆمی نیم، لێرەدا د. فەیسەڵ زۆر پێکەنی و وتی بەڕاستی هەقی خۆتە. ئێوارەش پێش دەستپێکردنی بەرنامەکە ئاڵای کوردستانم لەسەر مێزەکەی بەردەمم دانا، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە وتیان کە ئێمە قبوڵ ناکەین کە یەکێك لەسەر شاشەکانمان کاری پرۆپاگەندە بکات و واتە ئەمەش لەو کەسەی بەرامبەریشت قبوڵ ناکەین، منیش قایل بووم ئاڵاکەی کوردستانم خستە ناو جانتاکەم لەژێر مێزەکەدا بەڵام جانتاکەم بەکراوەیی بەجێهێشت چونکە بڕیارم دابوو لەکاتێکی گونجاودا و کە بەرنامەکە لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە ئاڵاکەی کوردستان بەرزبکەمەوە و ئەگەر بەمەش پەخشی تەلەفزیۆن بوەستێت بابێ و بەرنامەکە هەرخۆی تەواو دەبێت، وە هەرواش بوو ئاڵای کوردستانم لە جانتای ژێر مێز دەرهێنا و بە بزووتنەوەییێکی دراماتیکانە ئاڵای کوردستانم لەسەر مێز دانا و وتم: چارەسەر بەم ئاڵایە و بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەبێت، تەلەفزیۆن هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا وەستاندنی پەخش نەبێت... ئەمە بەرنامەییێکی مێژوویی بوو چونکە گەلی کورد تەماشای بەرنامەکەیان دەکرد و ئەوساش هیچ تەلەفزیۆنی کوردی نەبوون (کە ئێستا ژمارەیان لە بیست زیاترە)، ئەو کاتە خەڵك گوێیان لە هەلهەلە بوە کە لە هەموو ماڵێکی کوردی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش رۆژاوای کوردستان بەرزبووبوونەوە و لە زۆربەی گوند و شار و گەڕەکی کوردان لە دیمشق و ناوچەی دی هەڵپەڕێکی کوردی سەرپێیی لە ماڵ و سەربانەکان بەسترابوون. یەکێك لە شتە پێکەنیناویەکانی ئەم بەرنامەیە ئەوە بوو کە ئەوانەی دژی دەوڵەتی کوردی بوون خۆیان کورد بوون، یەکەمیان کە بەرامبەرم دانیشتبوو لە عەشیرەتی بەرازی شاری حەما بوو دووەمیش یەکێك لە لیپرسراوەکانی پارتێکی کوردی باشووری کوردستان بوو کە بە تەلەفۆن وتی ئێمە و عەرەب براین و ئێمە ناخوازین لە عەرەب جیاببینەوە، هەرچەندە من نەم وت کە ئێمە و عەرەب دوژمنین بەڵام وتم دەبێ مافی یاسایی خۆمان وەربگرین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.




کاتی دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر کەناڵی جەزیرە لەناوجەرگەی عەرەبدا لە وڵاتی قەتەر ساڵی 1998

8. لەساڵی 1997 ئاڵای کوردستانم بەدیاری پێشکەشی سەرۆکی لیبیا و سەرکردەی ئەفریقایی موعەممەر قەددافی کرد و ئێستاش وێنەی سەرکردە موعەممەر قەددافی کاتی وەرگرتنی ئاڵای کوردستان لە من لە هەموو بۆنەیێکدا لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە کوردیەکانە. لە ساڵی 2005 ئاڵای کوردستانم بەدیاری پێشکەشی بەرێز تۆنی بلێر سەرەکوەزیری حکومەتی بریتانی کرد و هەرواش ئاڵای کوردستانم بەدیاری پێشکەشی هەموو سەرۆك وکەسایەتییێك کردوە کە لەگەڵیان کۆبوومەتەوە، ئەمەش کاریگەرییێکی گەورەی هەبوو لەسەر هێنانە ریزی پێشەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان، سەرەڕای ئەو هەموو تێکدانەی رامیاری پارتە کوردیەکان کە دەستی دۆستانی گەلی کوردیان لە جیهاندا بەستەوە بە کەلەپچەی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم و دووریان خستنەوە لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، زۆرجاریش ئەوان بە وتەو نووسین نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە رامیاری پارتە کوردیەکان بۆ من دەربڕیوە و نامەکەی بەرێز جۆن مەیجەر سەرۆکی حکومەتی بریتانیا لە 1992 بۆ من تەنیا یەك نموونەی ئەو نارەزاییەیە، هەروەها وتارە مێژووییەکەی لۆرد جێفری ئارچەر لە شاری هەولێر ساڵی 1992 کاتێ وتی: "ئێوە 30 ملیۆن کەسن و شیاوی سەربەخۆیین، بەڵام یەکێك لە لێپرسراوانی پارتە کوردیەکان مایکرۆفۆنەکەی لەدەست لۆرد ئارچەر سەند و بە جەماوەرەکەی وت کە لۆرد ئارچەر هەڵەی کرد و مەبەستی ئەوەیە کە ئێمە 3 ملیۆنین و داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین.. ئەو کاتەش لۆرد ئارچەر سەر بە پارتی فەرمانڕەوای بریتانیا بوو و شەکانی هیچیان ئەوکاتە لە بەڵێنی بەلفۆر کەمتر نەبوو کە جوەکان قۆستیانەوە و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند هەرچەندە بەڵێنەکەی بەلفۆر بە ئاشکرایی و راشکاویی وشەکەی لۆرد ئارچەر نەبوو.





کاتی پێشکەشکردنی ئاڵای کوردستان بۆ بەرێز تۆنی بلیر سەرۆکی حکومەتی بریتانیا و سەرۆك لیبی سەرۆك موعەممەر قەددافی



22 / November / 2003

ميديا MEDIA

العدد (١٥١) السنة الثامنة السبت ٢٢ / ١١ / ٢٠٠٣ ٢٢ی گەلاریزان ٢٧٠٣ کوردی

القذافي يقبل علم كوردستان

أيها القادة العرب لماذا لا تحذون حذو القذافي

آكو محمد



ئالآی کوردستانم کرده دیاری بۆ لۆرد جێفری ئارچەر لەبەر پشتگرتی ئەو بۆ دەوڵەتی کوردی 1997



لۆرد جیفری ئارچەر لە باشووری کوردستان 1992





ئالآی کوردستان لەبەردەمم لە پەرلەمانی ئەوروپی لە برۆکسل و لە کۆنگرێسی ئەمێریکی لە واشنتن

هەروەها ئالآی کوردستانم لە هەموو کۆنگرەیەکدا بەرزکردوەتەوە و پێشکەشی هەموو سەرۆکێکی جیهانی کردوە کە چاوم پێکەوتوە

10 DOWNING STREET
LONDON SWIA 2AA

*From the Private Secretary*

1 May 1992

Dear Mr Mella,

Thank you for your letter of 10 April to the Prime Minister congratulating him on the elections. I have been asked to reply.

We remain concerned about the humanitarian situation in the whole of Iraq including the Kurdish north. We have raised our concerns with the Iraqis, reiterating the need for the Iraqi regime to cease repressive actions against all the peoples of Iraq, contrary to UN Security Council resolution 688. We shall keep up the pressure on Saddam Hussain to implement the Security Council resolutions in full.

We support autonomy - not independence - for the Kurdish regions of Northern Iraq. The political leaders of the Kurdish community have told us that this is what they want. We want to see a democratic and pluralistic system in Iraq which respects the human and political rights of all Iraq's peoples.

The Turkish government is well aware of our concerns about human rights in Turkey, including the treatment of Turkish Kurds. On his recent visit to Turkey. the Foreign Secretary raised these issues with the Turkish government welcoming their commitment to tackling the problems of South East Turkey by legal and democratic means. We also welcome the Turkish government's moves to recognise the Kurdish identity and to liberalise use of the Kurdish language.

Yours sincerely,
Stephen Wall
J.S. Wall

Mr Jawad Mella

نامەکەی بەڕێز جۆن مەیجەر سەرۆکی حکومەتی بریتانیا لە 1992 بۆ من تەنیا یەك نموونەی ئەو نارەزاییەیە

9. لەساڵی 2003 و بەکەوتنی دیکتاتۆر سەددام حسێن وام زانی گەلی باشووری کوردستان رادەپەڕێ و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانی گەورە رادەگەیێنێ و ئاڵاى کوردستان بەرزدەکاتەوە و دەوڵەتێکی کوردیش رادەگەیێنێ، واشم دەزانی کە کاتی گونجاو هاتوە بۆ داگاییکردنی تاوانباران بە شێوەییێکی یاسایی و نێونەتەوەیی لەسزای ئەوەی کە بەرامبەر بە گەلی کورد کردویانە هەروەکو دادگایی نازیەکان پاش جەنگی جیهانی دووەم، ئەو دادگاییکردنەی کە بوە رێپێخۆشکەر بۆ جوەکان تاکو دەوڵەتی خۆیان راگەیێنن و پارێزگاری نێونەتەوەیی و هەتا هەتاییشی بۆ دابین کردن و وەك تاپۆ بوو بە موڵکیان و هەر وڵاتێك یا رێخراوێك یا کەسێك یەك وشە دژی جوو بڵێت تۆمەتی نازیەتی دەخرێتە پاڵ. بەڵام نائومێد بووم چونکە پارتە کوردیەکان هەر وەك جاران مانەوە و باسی گرفت و نەخۆشیەکە دەکەن بێ ئەوەی باسی دەرمانەکە بکەن کە دەوڵەتی کوردی و ئەمەشم بەبێ گومان لە خۆپیشاندانەکەی لەندەنی 2004 دا بۆ دەرکەوت کە تیایدا دروشمێکی گەورەم بەرزکردبوەوە کە بە ئینگلیزی نووسرابو سەربەخۆیی بۆ کوردستان "Independence for Kurdistan" و پارتە کوردیەکان هەموو هێزی خۆیان تاقیکردەوە بۆ دانەواندنی ئەو دروشمە بەڵام بەهۆی خۆڕاگری هاوبیرا نمان سەرکەوتوو نەبوون، و لە بیرمە کاتێ کە من گەیشتمە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە بینیم هەڵگرانی دروشمەکە خەریکن بیپێچنەوە منیش وتم بۆ وا دەکەن، وتیان: "رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە" و دەستنیشانی نوێنەرانی پارتە کوردیەکانیان کرد کە بەخۆشیەوە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان دەپێچایەوە، منیش بە هاوبیرەکانم وت دروشمەکە بەرز راگرن و دەمەوێ ببینم ئایا پیاوێکیان تیایە کە بتوانێ بەزۆر دابیەزێنێ؟ وە خاتوو چنوور خان دەستی کرد بە توا نجدان لێیان و وتی شوورەیی ناکەن ئەو هەموو دوژمنانەی کوردستان هەن و ئێوەش هیچ ناکەن دوژمنایەتی سەربەخۆیی کوردستان نەبێ، لەو کاتەشدا کاك سابیر کۆکەیی دەستی کرد بە داکەنینی جلەکانی و بە نوێنەرانی پارتە کوردیەکانی دەوت وەرن تەماشاکەن، ئەوانیش وایان زانی کە کاك سابیر جلەکانی بۆیە دادەکەنێ تاکو زۆرانیان لەگەڵ بگرێت، لەبەر ئەوە ئەوان رایانکرد، منیش بە کاك سابیرم وت ئەوان رۆیشتن جلەکانت لەبەرکە چونکە ساردە، وە بە کاك سابیرم وت بۆچی وات کرد، وتی دەمویست پیشانی ئەو چڵکاوخۆرانەی کە زۆربڵێیی بەسەر ئێمەدا دەکەن چەند برین و شوێن گوللە لە لەشی مندا هەن کە چارەکە سەدەییێك پێشمەرگە بووم... بەڵێ پارتە کوردیەکان سەرکەوتوو نەبوون لە دابەزاندنی دروشمەکە هەروەك چۆن سەرکەوتوو نەبوون لە دابەزاندنی ئاڵاى کوردستان لە ساڵی 1991، بێ ئەوەی لە وانەی ملکەچی خۆیان هیچ فێربن.




Kurdistan National Congress demonstration on 7/2/2004 with other Kurdish organisations, the photos shows the KNC major banner of "Independence for Kurdistan", in front of the office of Mr. Tony Blair, Prime Minister of the UK at 10 Downing Street, London.

10. پاش ئەوەی کە ئەمێریکاییەکان پارتە کوردیەکانیان ناچارکرد کە شەڕی نێوانیان بوەستێنن و لەژێر چاودێری وەزیری دەرەوە مادلین ئۆلبرایت ئەمە روویدا و ناچاریان کردن حکومەتی سلێمانی و حکومەتی هەولێر بکەن بەیەك هەرواش ناچاریان کردن کە ئالآی کوردستان بەرزبکەنەوە لەجیاتی ئالآی زەرد و سەوزی پارتەکانیان، ئەو پارتە کوردیان ئەو شتانەیان بە نابەدڵی بەجێهێنا..



طالباني وبارزاني في مقر الخارجية الأمريكية والى جانبهما أولبرايت (أ ف ب)

لەبەر ئەوە بڕیارمدا کە بگەڕێمەوە کوردستان تاکو بەچاوی خۆم ببینم ئایا ئاشتییێکی راستەقینە لەنێوان ئەوانەدا هەیە کە هەوڵماندابوو قایلیان کەین کە واز لە براکوژی زیاتر لە نیوسەدەی نێوانیان بهێنن و نامەکانی د. جەمال نەبەز بۆ سەرکردەکانی کورد تەنیا نموونەییێکن بۆ ئەو شتانەی کەبۆ وەستاندنی جەنگی کورد دژی کورد پێی هەڵساوین. وە ئایا راستە کە ئەوانەی کۆمەڵگای کوردیان پارچە پارچە کرد ئێستا بڕوایان بە حکومەتی یەکگرتووی خۆیان هەیە و ئایا دڵسۆزیان بۆ ئەو ئالآی کوردستانەیە کە بە سەرسەریانەوە هەڵیانواسیوە پاش ئەوەی دەیان ساڵ دژی هەڵواسینی ئالآی کوردستان جەنگیانکردوە و ئێستاش درۆزنانە دەڵێن هەر لە سەرەتاوە دڵسۆزی ئالآی کوردستان و یەکیەتی ریزەکانی کورد بوون، بەڵگەش بۆ نادڵسۆزییان بۆ ئالآی کوردستان و یەکیەتی ریزەکانی کورد ئەوەیە کە ئێستاش و ئەوساش دڵسۆزانی راستەقینەی یەکیەتی ریزەکانی کورد و ئالآی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان پشتگوێ دەخەن و لە مەڵبەندی دەسەلآت دووریان دەخەنەوە ئەو دەسەلآتەی کە ئێمە رۆڵی هەرە گەورەمان هەبوو لە دروستکردنی.

## سەردانەکەم بۆ باشووری کوردستان لە 16 – 12 – 2009 تا 7 – 1 – 2010

سەردانەکەم بەم شێوەیە بوو:

هەر لە یەکەم رۆژەوە ئاشکرام کرد کە هۆی سەردانەکەم بۆ کوردستان تەنیا ئەم شتانەیە: سەردانی کوردستانی نیشتمانم و سەردانی دۆستانەم و بەس:

رۆژی 16 – 12 – 2009 من و هاوسەرەکەم لەیلا خان لەندەنمان بەجێهێشت و بە فڕۆکە چووین بۆ ستۆکهۆڵم و لە فرۆکەکەدا نزیکەی 40 خولەك ماینەوە و پاشان بەرەو هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان کەوتینە رێ، کاتژمێر یەك و نیوی پاش نیوەشەو گەیشتین و خوشکەکانی لەیلا خان، لیدا خان و لیزا خان و مێردی لیزا خان کاك عەتو زێباری کە لە ئۆفیسی پێشوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی کاردەکات و بەبۆنەی پلەکەیەوە لە هۆڵی تایبەتی پێشوازی میوانانی فەرمی پێشوازی لێکردین و ماشێنێکی تایبەتی لە دەرگای فرۆکەکەوە بردینی بۆ هۆڵە تایبەتەکە و لەوێ چامان خوارد تاکو پاسپۆرتەکانیان مۆرکردین و جانتاکانیان هێنا و لەوێ بۆ ئەوەی کەس سەغڵەت نەکەین داوامکرد کە بچین بۆ هەر هۆتێلێك و بە ماشێنی کاك عەتو چووین بۆ هۆتێلی خانزاد کە دەکەوێتە نێوان هەولێر و هاوینەهەواری سەلآحەدین، کە هۆتێلێکە لەسەر گردێکی بەرزە و بەرامبەر بە گردێکی دیە کە کۆشکی میرژنی سۆران خانزادی لەسەرە کە بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، و لە ئۆتێلەکە بە هیچ جۆرێك خەوم پیا نەکەوت چونکە بڕوام نەدەکرد کە پاش دووری زیاتر لە چارەکە سەدەییێك لە کوردستانم.

بەیانی ڕۆژی 17 – 12 – 2009 كاك عەتو (هاوەڵزاوام) هات بۆ هۆتێلەكە و بردینی بۆ ماڵی خۆیان لە هاوینەهەوار كە لەوێ خوشكەكانی لەیلا خان، لیزا و لیدا و مناڵەكانیان چاوەڕوانمان بوون و نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ خواردن و ئێوارە هاتینەوە بۆ هۆتێلەكە.

ڕۆژی 18 – 12 – 2009 ڕۆژی جەژنی ئێزدیەكان بوو بۆیە بڕیارم دا بچم بۆ لالیش كە مەڵبەندی ئایینی ئێزدیەكانە و هاوەڵزاواكەم كاك عەتو ماشێن و ئەندامانی پاراستنی خۆی خستە بەردەستم و پاش دوو سەعات لە لالیش بووین و پرسیاری ئەمیر تەحسین، ئەمیری ئێزدیەكانمان كرد كە ساڵی 1972 كاتێ كە لە كۆشكی ئاشتی میوانی خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا بارزانی بووین یەكتریمان دیبوو، بەڵام ئەو كۆچی كردبوو بۆ ئەڵمانیا، وە لە لالیش فەقیر "خودێدایا" پێشوازی لێكردین، پاش ئەوەی چایی و شیرەمەنی جەژنمان خوارد فەقیر خودێدایا بردینی بۆ خولێكی ناو پەرستگای لالیش كە ئێزدیەكان حەجی بۆ دەكەن و بە پیرۆزی دەزانن و ئێمەش هەمان پەیڕەومان كرد كە باووباپیرانمان پێش هەزارەها ساڵ كردوویانە وەك بەستن و كردنەوەی پەڕۆ و پاڕانەوە و داخوازی لە دروستكەری گەردون و سووڕان سێ جار بە دەوری گۆڕەكان و پاشان چووینە ناو ئەشكەوتێكەوە كە كۆنترین ڕۆنی جیهانی تێدایە تا لە ئەشكەوتەكەدا گەیشتینە شوێنێك كە ڕووناكی تێدا نیە و پاشان گەڕاینەوە بۆ هۆڵی میوانداری و چەند پەڕتووكێكم پێشكەشی كتێبخانەی لالیش كرد و فەقیر خودێدایا دیارییێكی بەنرخی پێشكەش كردم كە بریتیبوو لە (مەسحەفی ڕەش) كتێبی پیرۆزی ئێزیدیەكان كە بە كوردی و پیتی لاتینی نووسراوە.

پاشان چووین بۆ شاری دوهۆك و لەماڵی كاك شێرزاد دابەزین كە چەند سەردانێكی بۆ ڕێكخستین: خواردنی نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەی مالتا لەگەڵ كاك عەبدولسەتار و شێرزاد و خێزانەكەی..




فەقیر خودێدایا پێشوازی كردین لە لالیش

پاشان سەردانی بلیمەت شێخ محمد ساڵح گابوریمان كرد كە دووچاری نەخۆشی و پیری ناوەخت بووە و د. محمد ساڵح گابوری زۆر سەردانەكەی منی پێخۆشبوو و پێی وتم ئەگەر هاوسەرەكەت لەیلا خانت لەگەڵ نەبوایە نەم دەهێشت بڕۆیت و پرسیار سەبارەت بە هاوبیرانمان كرد بەتایبەتی د. جەمال نەبەز و سڵاوی هەموو هاوبیرانم پێگەیاند. چەند كتێبێكی خۆی دامێ و نامەیێك بۆ بەكوردیكردنی ئیسلام كە پەنجەمۆری خۆی لەسەر دانا، خوا باشی بكات و تەندروستی و ئۆقرەی بداتێ.



لەگەڵ د. محمد ساڵح گابوری

ئێواره سەردانی مۆزەخانەی قاچاغی کولتوریمان کرد کە کۆمەڵێکی زۆر شوێنەواری کوردی و بەرهەمی دەستکردی کوردی بەنرخی تێدایە.




لەگەڵ کاك عەبولسەتار و کاك شێرزاد و کاك قادر قاچاغ لە مۆزەخانە و شاری کەرکوك لە پشتمانەوە دیارە

رۆژی 19 – 12 – 2009 لەسەر داوای کاك قادر قاچاغ سەردانێکی دوەمی مۆزەخانەی کولتوری قاچاغمان کردەوە تاکو دەفتەری سەردان ئیمزا بکەین و پاشان داواکاری سەردانی کاك ماجد سەید عەلی قائمقامی دهۆکمان جێبەجێکرد، وە پاش خواردنی نیوەڕۆ پەیوەندی کرد بە لێپرسراوانەوە تاکو مۆڵەتی سەردانی کامپی ئەو کوردە پەناهەندانە بدەین کە پاش راپەڕینە کوردیە پیرۆزەکەی رۆژاوای کوردستان هاتن بۆ باشووری کوردستان و ماشێنەکەی خۆی بۆ سەردانی کامپەکە لەگەڵ ناردین.

کە گەیشتینە کامپەکە شەو بوو و داوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەوانەی لەوێن و نزیکەی 20 پەنابەر لە ماڵی بابی حەسەن کۆبوونەوە کە بریتیە لە یەك ژووری بێدەرگا و دیوارەکانی بە بلۆك و بانەکەی بە پلاستیك دروستکراوە و هەموو کاتی سەردانەکە دەنگی باران لەسەر بانە پلاستیکیەکە وەك مۆسیقاییێکی بەزۆر سە پێندراو دەبیسترا :

لە سەرەتادا باسی راپەڕینە پاڵەوانانەکەی کە 12 – 3 – 2004 کردیان بۆ کردن کە بۆ مێژووی گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان وەك پێش زایین و پاش زایین وایە، چونکە راپەڕینەکە دیواری ترسی پساند و مێژوویێکی نوێی دروستکرد.. پرسیاری بارودۆخیانم لێکردن کە چۆن باشتری بکەین و رێککەوتین کە لیستێکی ناوەکانیان و بەڵگەنامە و گیروگرفتەکانیانم بۆ بنێرن تاکو بیاندەم بە نەتەوە یەکگرتوەکان تاکو وەك پەناهەندە لە ئەوروپا و ئەمێریکا وەربگیرێن.

رۆژی 20 – 12 – 2009 لە ماڵی کاك شێرزاد چاوم کەوت بە کاك ئیبراهیم گاباری کە 25 ساڵ لە زیندانەکانی سوریادا بوو و ئەویش هەمان روانگەکانی منی هەبوو سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و بەڵام هەروەك یەکەم جار لە ساڵی 1972 بینیومە هەر بەهەمان راستەوخۆیی شتی باس دەکرد، لەبەر ئەوە باسەکانی هەڵدەگرم بۆ بۆنەی دی و ئێستا وازیان لێدەهێنم. پاشان گەڕاینەوە بۆ هاوینەهەوار.

رۆژی 21 – 12 -2009 بەرەو بارزان رێکەوتین و سەردانی گۆڕی 8000 کوردە بارزانیەکانمان کرد و فاتحەمان بۆ گیانیان خوێند و ئەورا پۆرتەم پێشکەشی کتێبخانەکەیان کرد کە لە 1988 بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان نووسیبووم سەبارەت بە رفاندنیان لەلایەن رژێمی عراقی گۆڕبەگۆڕ ساڵی 1983.



گۆڕستانی 8000 کوردە بارزانیەکان

هەروەها سەردانی گۆڕی خوالێخۆشبوو موستەفا بارزانی و خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیمان کرد و فاتحەمان خوێند بۆ گیانیان و کتێبەکەی خۆم سەبارەت بە بارزانیم پێشکەشی کتێبخانەکەیان کرد و دەفتەری سەردانم ئیمزاکرد.



لەرێگای گەڕانەوە بۆ هاوینەهەوار بە گوندی شانەدەری دراوسێی بارزاندا تێپەڕین کە جێگەی لەدایکبوونی لەیلا خانە و سەردانی خزمەکانیمان کرد.

ئێوارە لە شاری هەولێر لەگەڵ کۆمەڵێك کوردی کۆمەڵێك کوردی رۆژاوای کوردستان وەك قوتابی و رۆژنامەنووس و کاربەدەستی مافی مرۆڤ لە هۆتێلی ئۆسکار کۆبووومەوە و باسی بارودۆخی خۆیان و گەلەکەمان لە رۆژاوای کوردستانم لەگەڵ کردن و کارکردن بۆ گەیاندنی کێشەکەیان بە رێکخراوانی نێودەوڵەتی و رامیاریەکان.

رۆژی 22 – 12 – 2009 چووین بۆ قوشتەپە و سەردانی گۆڕی خوالێخۆشبوو وەیسی عەلی باوکی خێزانەکەم لەیلا خان و خزمەکانیمان کرد و فاتحەمان بۆ گیانیان خوێندەوە، خوالێخۆشبوو وەیسی عەلی یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کە کاتی شۆڕشی بارزان لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا و پاشان ئەندامێکی سوپای کۆماری کوردستان بوو بە سەرۆکایەتی شەهید قازی محمد و پاش روخانی کۆماری کوردستان یەکێك بوو لەو 500 پێشمەرگە پاڵەوانەی کە سنوورەکانی چەندین دەوڵەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان بڕی بە ڕەوێکی مەزن گەیشتنە یەکیەتی سۆڤیەت و لەوێ بە پەنابەری بۆ 12 ساڵ مایەوە و پاشان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی 1961 بوو پاش رووخانی شۆڕش لە 1975 دەربەدەری نیشتمان بوو.



خوالێخۆشبوو وەیسی عەلی

رۆژی 23 – 12 – 2009 بە ماشێنێکی قەڵغانکراو چووین بۆ سلێمانی کە لیوا مەنسور حەفید بۆی ئامادەکردبووین، بۆ ئێوارەش لیوا مەنسور و خێزانەکەی سەردانیان کردین لە ماڵی خوشکەکانی د. جەمال نەبەز نعمەت خان و نافعە خان، کە بە میوانی لایان ماینەوە تاکو 30 – 12 کە سلێمانیمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە هاوینەهەوار.




نیعمەت خان و نافیعە خان لەگەڵ من و لەیلاخانی خێزانم

رۆژی 24 – 12 – 2009 پارێزەر کامل ژیر (یەکێك لە دامەزرێنەرانی کاژیك) و خێزانەکەی سەردانیان کردین و بە ماشێن بردینیان بۆ خولێکی دەوروبەرو گەڕەکەکانی سلێمانی و پاشان گەڕاینەوە ماڵەوە و خواردنی نیوەڕۆمان خوارد کە نعمەت خان ئامادەی کردبوو، پاش نیوەڕۆش مامۆستا فایق عارف کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کاژیك سەردانی کردین و گفتوگۆمان سەبارەت بە رابردوو و ئێستا و دوارۆژ کرد و چەند کتێبێکی خۆم و د. جەمال نەبەزم پێشکەش کرد، و کاتێك لە گفتوگۆدا بووین لە کەرکوکەوە کاك شێرزاد و کاك عەزیز هاتن بەتایبەتی بۆ سەردانم و گفتوگۆکەمان درێژەی کێشا و بەتایبەتی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری نەتەوایەتی لەناو جەماوەردا و چاوەڕوانی را پەڕینێکی داهاتوو.




لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمید و کاك فایق عارف

رۆژی 25 – 12 – 2009 پارێزەر کامل ژیر بانگی کردین بۆ خواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی خۆی و باسی دوارۆژی بیری نەتەوایەتی کوردمان کرد کە چی بکەین؟ پاشان کاك عەبدولباقی یوسف (ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا) سەردانی کردین و گفتوگۆمان لەسەر کاروباری رۆژاوای کوردستان کرد و پاشان شێخ سدیق کە خەباتگێڕێکی نەتەوەیی کۆنە لەگەڵ کوڕەکەی سەردانیان کردین و لە گفتوگۆ بەردەوام بووین تا هاتنی کاك نزار محمد (سەرنووسەری گۆڤاری هاوبیر) کە کەوتینە باسی ئاهەنگێکی پێشوازی کە هاوبیرانی بیری نەتەوەیی نیازیان بوو لە سەرگەڵو بە بۆنەی گەیشتنم بۆ کوردستان سازی بکەن.



لەماڵی پارێزەر کامل ژیر و خێزانەکەی نەجات خان

رۆژی 26 – 12 – 2009 بەرەو سەرگەڵو ڕێککەوتین کە لە شاری سلێمانیەوە سەعاتێك بە ماشێن دوورە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سۆشیالیست لەوێ بوون، کە ناوچەیێکی شاخاوی زۆر جوانە و لە هەموو لاییێکەوە بە شاخ دەورە دراوە، لە سەر گردێك لە گردەکانی شێخ محمدی سەرگەڵو کۆشکێکی جوانی بنیاتناوە کە هاوبیرانم تێدا بینی بەڵام شێخ محمد خۆی لەوێ نەبوو و کوڕە مامەکەی کە یەکێکە لە هاوبیرا نمان پێشوازی کردین.

کاتێ گەیشتینە بەردەم کۆشکەکە برادەران بە یەك ریز چاوەڕێی پێشوازیمان بوون و یەکە یەکە تەوقەمان لەگەڵ کردن دوایی چوینە کۆشکەکەوە بۆ پشوودان و ئنجا هاتینە دەرەوە و لە هەیوانی پێش کۆشکەکە دانیشتین و دەوروبەر و نزیکمان هەمووی شاخ بوون و یەکە مجار هاوبیر کامل قسەی کرد و پاشان منی ئاراستەی ئامادەبوان کرد پاش ناساندنم بە وتەییێکی کورت و باسکردنی هەندێك قۆناغی خەباتم، پاشان من قسەم بۆ کردن و باسم بۆکردن کە بۆچی بیری نەتەوەییمان هەڵبژاردوە و بۆچی بیری ناوچەگەری و خێڵەکایەتی و خێزانی و حزبایەتی تەسکمان ڕەتداوەتەوە، چونکە بەبیری نەتەوایەتی مرۆڤ پیرۆزدەبێت چونکە مرۆڤ بە تێگەیشتنی نەتەوایەتی بە سامانی سەرەکی دەناسرێت و هەرگیز نابێت پاکانە بۆ شەڕی ناوخۆ بکرێت تەنانەت ئەگەر ئەو مرۆڤە دژیشمان بێت ڕۆژێ دێت کە هۆشیار بێت، هەروەها تەنیا بە بیری نەتەوەیی ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان بەرزدەبێتەوە و بەم ئاما نجە پیرۆزەش گەندەڵی لەناو دەچێت چونکە گەندەڵی و شەڕی براکوژی سەرە نجامێکی سروشتی رامیاری ناوچەگەرییە کە بۆ بەفیڕۆدانی تواناکانی کوردە و بەدەستەوەدانی سامانەکانی کوردستان بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردوە و بەم شێوەیە مرۆڤ هاندەدرێت تاکو بەشێك لە تاڵانی بەرکەوێت پێش ئەوەی هەمووی بچێت بۆ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بەڵام لە کاتی بیری نەتەوایەتیدا بارێکی یەکگرتو و سۆفیزم دروست دەبێت کە بۆ رزگارکردنی کوردستان و پاراستنی سامانەکانیەتی بۆ کاری بنیاتنان و پێشکەوتن.

پاش نزیکەی سەعاتێك وتار و پرسیار و وەڵام لەلایەن منەوە و هاوبیر کامل ژێرەوە، جارێکی دی چووینەوە ناو کۆشکەکە بۆ خواردنێکی کوردی کە بەتاییەت دروستکرابوو، بۆ ئاهەنگی گەیشتنم، پاشان دەستمانکرد بە گفتوگۆییێکی ئازاد لەگەڵ چاخواردنەوەدا و سەعات چوار گەڕاینەوە سلێمانی.




پێشوازیە نایابەکەی هاوبیرا نمان لە شاخەکانی سەرگەڵو




رۆژی 27 – 12 – 2009 لەکردنەوەی مەڵبەندی ژین بۆ لێکۆڵینەوەدا ئامادەبووم و لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی کورددا کۆبوومەوە کە لە پێش هەموویانەوە زانای بەناوبانگی ئارکیۆلۆجی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف و مامۆستا قادر ساڵح بەڕێوەبەری مەڵبەندی ژین کە لە ئۆفیسی خۆی پێشوازی لێکردین و چەند کتێبێکی خۆم و د. جەمال نەبەزم پێشکەش بە کتێبخانەی مەڵبەندەکە کرد و ئەویش هەندێك کتێبی خۆی پێشکەشی مۆزەخانەی کوردی لە لەندەن کرد، دوایی نانی نیوەڕۆمان لە کەبابخانەی قادر خوارد و ئەوجا مامۆستا دۆستیك کوڕی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف بردینی بۆ خولێکی بازاڕەکانی سلێمانی و چەند کتێبێکمان کڕی و سەردانی مزگەوتی گەورەمان کرد کە گۆڕی قارەمانی کورد مەلیکی باشووری کوردستان شێخ مەحمود حەفیدی تێدایە و چەند وێنەیێکی یادگاریمان گرت.

ئێوارە گفتوگۆمان لەگەڵ کاك فەرهاد عەبدولحەمید ( یەکێك لە هاوبیرە دێرین و ئازیزەکانمان ) کرد و لەگەڵ خێزانەکەی و لەیلا خان لەکاتی خواردنی ئێوارە لە چێشتخانەی "مەنقەل" کە هیچی لە چێشتخانەکانی ئەوروپا کەمتر نیە.







لە ناوەندی سلێمانی لەبەردەم وێنەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ کاك دوستییك و کاك نزار،
وە لەبەردەم بنکەی ژین بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لەگەڵ بەرێوەبەری مەڵبەندەکە و مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف






مزگەوتی گەورە لە سلێمانی کە گۆڕی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفیدی تێدایە،
وە لەبەردەم دەرگای گۆڕەکە پارچە هەڵبەستێك باسی خۆشەویستی گەلی کورد دەکات بۆ نیشتمان و خێزانی حەفید

رۆژی 28 – 12 – 2009 لەگەڵ مامۆستا دۆستیك سەردانی مۆزەخانەی سلێمانیمان کرد کە بەشێوەیێکی ئەوروپیانە رێکخراوە و ئەو ژنانەی کە تیایدا کاردەکەن زانیاری مێژووییان هەیە سەبارەت بە شیکردنەوە و روونکردنەوەی هەموو ئەو پارچانەی کە پیایاندا تێپەڕبووین، بەڵام بڕانی کارەبا ئیشەکەی قورستر کردن چونکە نەماندەتوانی ئاسەوارە مێژووییەکان ببینین و نووسراوەکان بخوێنینەوە، بۆشم دەرکەوت کە بەشێکی زۆری شتەکانی مۆزەخانەکە پەیوەندییان بە مێژووی کوردستانەوە نیە.





هەندێگ ناواخنەکانی مۆزەخانەی سلێمانی

پاشان سەردانی مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە) مان کرد کە لە کاتی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا مەڵبەندی گرتن و ئەشکەنجەدان بوو و ئێستا کراوە بە مۆزەخانەیێك بۆ پیشاندانی باری زیندانیەکان و شێوەکانی ئەشکەنجە، لە لاییێکی دی بیناکە مۆزەخانەیێکی کەلە پووری کوردی و شتومەکی دەستکردی وەك جلوبەرگ و قاڵی هتد.





جلە کوردیەکانی مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە)

دوایی مامۆستا تەوفیق سەعید ئێمەی برد بۆ مەڵبەندی پیشەسازی و پیشەی دەستی کە مامۆستا تەوفیق دەمێکی زۆر بەڕێوەبەری بوو تا خانەنشین کرا، ئەمەش گەڕانێکی خۆش بوو بە بەشەکانی نەخشاندن و هەڵکۆڵین لەسەر پۆرسلین و چینی و پێست و تەختە و مەڵبەندەکە کۆرسیش سازدەکات بۆ ئەوانەی کە دایشتوانی سلێمانین و دەخوازن ئەم هونەرە نایابانە فێربن.





ماۆستا تەوفیق سەعید و مامۆستا دۆستێك عەبدولرەقیب یوسف کە لە هەموو بەشەکانی ناوەندی پیشەسازی و هونەری دەستکرد لەگەڵمانبوون

نیوەڕۆ کاك سابیر کۆکەیی گەیشتە سلێمانی و پێکەوە چووین بۆ ماڵی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف و باسی بارودۆخمان کرد لە هەموو لایێکەوە و خواردنی خۆش و جۆراوجۆرمان خوارد کە مامۆستا عەبدولرەقیب پێشکەشی کردین.



لەنێوانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف و کاك سابیر کۆکەیی دانیشتووم

ئێوارە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان لە هۆتێل سلێمانی پالاس هەبوو و گفتوگۆمان لەسەر چەندین مەسەلە کرد کە گرنگیان بۆ یەکیەتی ڕێکخراوە نەتەوەخوازەکان هەیە یان هیچ نەبێ بۆ ئەوەی کە شێوەیێك لە هاوکاری لە نێوانیاندا هەبێ لەژێر چەتری کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا.



کۆبوونەوەی هاوبیرنی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا لیوا مەنسوور و ملازم عومەر هاتن بۆ هۆتێلی سلێمانی پالاس و باسێکی گشتی کرا و لەکاتی ڕۆیشتندا ملازم عومەرم بردە لاییەکەوە و چەند پرسیارێکم هەبوو سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی هەندێك شت لەلایەن خودی ملازم عومەرەوە و وەڵامەکانی ئەوانە بوون کە خۆم پێشبینیم کردبوو.




من لە کەڵ هاوبیرمان لیوا مەنسوور و ملازم عومەر

کات نزیکی نیوەشەو بوو هاوبیرانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان سوور بوون لەسەر خواردنی ماسی مەسگوف بەیەکەوە، ئەوەمان کرد و ڕێککەوتین کە بەیانیەکەی هەندێك زانیارییان لیٚ وەرگرم.

ڕۆژی 29 – 12 – 2009 لەگەڵ لەیلا خان و کاك لەتیف و کوڕەکەی بە ماشێنی مامی، کاك عوسمان گەیشتینە هەڵەبجە کە نیوەڕۆ بوو و نانمان لە چێشتخانەییەکی گشتی خوارد و پاشان چووین بۆ مۆزەخانەی شەهیدەکانی هەڵەبجە و پەڕاوی سەردانمان ئیمزا کرد و زانیاری چاپکراو و فایەلی کۆمپیوتەرمان وەرگرت و پاشان چووین بۆ گۆڕستانی شەهیدەکان و فاتحەمان بۆ گیانیان خوێندەوە.





لەبەردەم گۆڕی 5000 شەهیدەکەی شاری هەڵەبجە، لەسەر دەرگاکە نووسراوە هاتنە ژوورەوە بۆ بەعسیەکان قەدەغەیە، و لەبەردەم مۆزەخانەکەدا لەگەڵ کاك لەتیف و بەرهەمی کوڕی وێنەم گرت

لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سلێمانی ڕێگای پشت ئەزمڕمان گرتەبەر و کە گەیشتینە ناوچەی سلێمانی بەو تونێلەدا تێپەڕبووین کە تازە دروستکراوە و بە دوو خولەك گەیشتینە لێواری شاری سلێمانی.

ڕۆژی 30 – 12 – 2009 بڕیارمان دا کە بچین بۆ هەولێر و لیوا مەنسوور پێی ڕاگەیاندین کە ئەو بە ماشێنەکەی دەچێت بۆ کەرکوك و ئامادەیە کە بمان گەیێنێت تا هەولێر بەلاّم بەهۆی کارەوە ناچارە کە بەیانی زوو دەرچێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە بەیانیەکەی چاوپێکەوتنێکی دیم هەبوو نەمتوانی پێشنیارەکەی قبولّ بکەم و بڕیارم دا کە بە ماشێنی کرێ بچم بۆ هەولێر کە تاکە جار بوو ماشێنی کرێم بەکار هێنا، ماڵی خوشکەکانی د, جەمال نەبەز، نعمەت خان و نافعە خانمان بەجێهێشت کە فرمێسك دەهات بەچاویاندا لە ماڵئاوایی ئێمەدا و بەڕاستی ئێمەش زۆر کاریگەری ئەوان بووین و خۆشمان ویستن و دەتگوت کە زۆر دەمێکە دەیانناسین.

مامۆستا دۆستیك بە ماشێنەکەی بردنی تا گەراجی ماشێنەکانی هەولێر و من و لەیلا خان ماشێنێکی کرێمان گرت تا هەولێر و سەعات سێی پاش نیوەڕۆ ماشێنی هاوەڵزاوام کاك عەتۆ چاوەڕێمان بوو بۆ گەیاندنمان بە هاوینەهەوار، سەعات پێنج نانمان خوارد و تا نیوەشەو لەگەلّ خێزانی لەیلا خان شەونخوونیمان کرد.

ڕۆژی 31 – 12 – 2009 سەردانی ئۆفیسی ڕۆژنامەی "ڕووداو" مان کرد و سەرنووسەرەکەی کاك ئاکۆ محمد و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و چالاك لە بواری مافی ژناندا خاتوو تامان شاکر و کارمەندانی دی ڕۆژنامەی "ڕووداو" ئامادەبوون و گفتوگۆمان لە ناو ئۆفیسی ڕۆژنامەکەدا کرد و پاشان نانی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەی هەولێر خوارد.



من ولەیلا خان وسەرنووسەرەکەی ڕووداو کاك ئاکۆ محمد و خاتوو تامان شاکر

وپاشان لەگەلّ کاك ئاکۆ چووین بۆ ئۆفیسی کاك غەفور مەخموری خاوەنی هەفتەنامەی "میدیا" و سەرۆکی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی کە من پەیوەندییێکی پتەوم لەگەڵیدا هەیە لەبەر هەڵوێستە نەتەوەخوازە بەشەرەفەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان.




وێنەییێك لەگەلّ کاك غەفور مەخموری لە ئۆفیسەکەی

ڕۆژی 1 – 1 – 2010 لەگەڵ لەیلا خان و خوشکەکەی لیدا خان و خوشکی هاوەڵژاواکەم پاکی خان سەردانێکی خێزانیمان بۆ گوندی عمرسینا کرد کە دەکەوێتە نێوان هەولێر و دهۆك، کە چاوم کەوت بە برایانی هاوەڵژاواکەم و لەماڵەکەیان کە دەڕوانێتە بێستانی پرتەقاڵ و دی نا نمان خوارد و گەڕاینەوە هاوینەهەوار.



ڕۆژی 2 – 1 – 2010 بەیانیەکەی چووین بۆ هەولێر بۆ کتێبخانەی "سۆران" و چاوم بە خاوەنەکەی د. شوان کەت و هەرلەوێش لەگەڵ د. عەبدوللا ئاگرین و کاك کاوە کەرکوکی و هاوسەرەکەی و کاك عەلی جاف و کوڕەکەی کۆبووینەوە.



و پاشان چووین بۆ هۆتێلی چوارچرا و چایمان خواردەوە و لەگەڵ کاك عەلی لەسەر چەند بابەتی جیاواز گفتوگۆمان کرد و لەگەڵ کاك کاوە باسی ڕێکخستنی سەردانەکەم بۆ شاری کەرکوك کرد کە ئەو خستبوویە ئەستۆی، دوای کاك عەلی بەگی جاف بانگی کردین بۆ خواردنی نیوەڕۆ لە هەمان هۆتێل.



پاش نیوەڕۆ لەگەڵ خوشكەكانی لەیلا خان چووین بۆ پیشانگای شانەدەر و باخی مەناره



من لەگەڵ لەیلا خان وخوشكەكانی لیزا خان ولیدا خان

و پاشان سەردانی د. عەبدوللا ئاگرینمان كرد لە ماڵەكەی و باسی یەكەم چاوپێكەوتنی خۆمان لە دیمەشق ساڵی 1974 كرد، پاشان چووین بۆ ماڵی ئارین خان كچی لیدا خان خێزانی كاك رێباز كە خزمی خاڵۆ حمە عەزیزە، و كاتێكی خێزانی خۆشمان لەگەڵ خاڵۆ حمە عەزیز و قسە نەستەقەكانی بەسەربرد.





من لەگەڵ كاك حمە عەزیز و د. عەبدوللا ئاگرین

رۆژی 3 – 1 – 2010 سەعات هەشتی بەیانی د. كەمال كەركوكی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان پەیوەندی پێوەكردم و پێی راگەیاندم كە تامەزرۆی چاوپێكەوتنی منە لە بارەگای پەرلەمان سەعات دە و نیو، منیش وتم منیش هەروەها و كاتی دیاریكراو لەوێ دەبم، و كە لەگەڵ لەیلا خان چووینە بینای پەرلەمانەوە لەلایەن كاك خانی كوڕی شاعیری خوالێخۆشبوو هەژار موكریانی پێشوازیمان لێكراو حەرەس شەرەف لە دوولا ریزبوون و پێی وتم كە سەرۆكی پەرلەمان فەرمانی داوە كەوەك سەرۆكەكان پێشوازیت لێبكرێت بە حەرەس شەرەفەوە.. وكاتێ گەیشتینە ژووری سەرۆكی پەرلەمان د. كەمال هاتە دەرەوە بۆ پێشوازیمان و كاتێك كە لە هۆڵە نایابەكە بووین كە لە ناوەڕاستیا وێنەیێكی گەورەی خوالێخۆشبوو موستەفا بارزانی تێدایە و لە پشت سەرۆكی پەرلەمان ئالاّی كوردستان هەبوو بەلاّم بەداخێكی گرانەوە لە پاڵیا ئالاّی عراقیش هەبوو و خەریك بوو هەستم و ئالاّی كوردستان بخەمە پێش ئالاّی عراق تاكو بیشارمەوە... د. كەمال ئەندێشەی پچڕانم و وتی رات چیە بەرامبەر بە بارودۆخی ئێستا؟ منیش وتم كاتێ كە ساڵی 1972 سەردانی كوردستانم كرد سلێمانی و هەولێر و دهۆك وەك گوند وابوون بەلاّم ئێستا بوون بە شاری گەورەی پێشكەوتوو لەبارەی ئاوەدانیەوە بەلاّم هێشتا زۆر زۆر كەموكوڕی هەن كە دەبێ چارەبكرێن... سەبارەت بە پەرلەمانیش من پێش زیاتر لە 40 ساڵ كارم دەكرد بۆ دروست كردنی پەرلەمانێكی كوردی لە هەندەران و ئێستا كە پەرلەمانێك لەسەر خاكی كوردستان

**هەیە پیرۆزبایی لیٚ دەکەم و پیرۆزبایی لەتۆش وەك سەرۆکی پەرلەمان و هیوادارم کە بانگەوازی دەوڵەتێکی کوردی بکرێت، د. کەمال پێی وتم کە ولآتانی ناوچە ناهێڵن و ئێمەش حساب بۆ ئەوان دەکەین.. منیش وتم ئەگەر تۆ لە ولآتانی ناوچە دەترسیت و حسابیان بۆ دەکەیت ولآتانی ناوچە هەزار جار پتر لەتۆ دەترسن و حسابت بۆ دەکەن بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە کە تۆ ئەوە نازانیت و هەوڵ نادەیت کە سوود لەو هەلە گەورەیە وەرگریت و هەموو رۆژێك هەلیٚکی نویٚ دیٚتە پیٚشەوە ئەگەر سوودی لیٚوەرنەگریت ئەوا سبەینیٚ ناتوانی سوودی لیٚببینی، من هیوادارم کە پیٚش ئەوەی کار لەکار بترازیٚت سوودی لیٚوەرگرن، بۆ نموونە پیٚش دوو ساڵ بەرِیٚز ئەلمالکی سەرۆکی حکومەتی عراق سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و هەلیٚکی رەخساو بوو کە ئەگەر کورد لە حکومەتی ئەلمالکی بکشایەتەوە حکومەتەکەی دەکەوت و ئەوە دەبوو بە یاسا کە ئەگەر هەر سەرۆك حکومەتێکی عراقی سەردانی پەرلەمانی کوردستان نەکات حکومەتەکەی دەرِووخیٚ، ئەو هەلە پیٚش دوو ساڵ بوو چونکە کورد نیوەی حکومەت بوون لەگەڵ شیعە بەلاّم ئەمرِۆ سوننەش هاتوونەتە ناو حکومەتەکەوە و ئەگەر ئەمرِۆ کورد بکشیٚنەوە حکومەتەکەی ناکەویٚت کەواتە ئەو هەلەی پیٚش دووساڵ ئەمرِۆ ناتوانین سوودی لیٚببینین و هەلی ئەمرۆش سبەینیٚ ناتوانین سوودی لیٚوەرگرین، د. کەمال پیٚی وتم: هەلی ئەمرۆ چییە؟ پیٚم وت کە ئەمە بابەتێکی سەربەخۆیە، د. کەمال وتی کەواتە با بمیٚنیٚ تاکو نانی ئیٚوارە بەیەکەوە دەخۆین و پەیوەندیت پیٚوە دەکەم، منیش وتم پیٚخۆشحاڵ دەبم و مۆڵەتی رۆیشتنم وەرگرت، بەلاّم چاوپیٚکەوتنەکە رووی نەدا و پاشان کە د. کەمال پەیوەندی پیٚوەکردم و من گەیشتبوومەوە لەندەن و داوای لیٚبوردنی کرد من خەریك بوو پیٚی بلیٚم کە تۆ هەلەکەت لەکیس چوو کە بزانی هەلی ئەمرِۆ چییە، بەلاّم باشتر وایە کە لیٚرەدا هەلەکەی ئەمرِۆ بنووسم تاکو د. کەمال و کەسی دی بیخویٚننەوە.. هەلی ئەمرۆ بەکورتیەکەی پلاندانانە، چونکە من تیٚبینیم کرد کە ژیان و رامیاری لە کوردستان لەسەر تەوەکول و ئارەزووی کەسایەتی دەرِوابەرِیٚوە و مەسەلەی "پلاندانان" کە دەمویست بە د. کەمالی بلیٚم بەم شیٚوەیە کورتدەبیٚتەوە:**

**دوور لە پلاندانانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی و پەروەردە بواری دی کە هیچیان لە کوردستاندا نین، من تەنیا باسی پلاندانان بۆ دوارۆژی فیدالی کوردستان دەکەم.**

**پیٚش چەند مانگێك هیٚزەکانی ئەمریکا برِیاریاندا کە لە شارەکانی عراق بچنە دەرەوە، کاردانەوەی عراقیەکان ئەوەبوو کە هیٚرشیان بردە سەر بانکەکان و تالآنیانکردن.. بیٚگومانیش ئەگەر هیٚزەکانی ئەمیٚریکا بەتەواوی لە عراق دەرچن ئەوا هیٚرش دەبەنەوە سەر کوردستان و وەك جاران تالآنی دەکەن..**

**پلاندانان بۆ داهاتووی فیدرالیزم لە کوردستاندا بەوە دەبیٚت کە ریٚکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتێك یان زیاتر ببەستریٚت کە ئیٚمە قایلین بە فیدرالیەت بەلاّم ئەگەر حکومەتی عراق فیدرالیەتەکەی رەتدایەوە یان ئەگەر کۆدیٚتاییٚکی سەربازی روویدا و فیدرالیەت رەتدرایەوە پاش کشانەوەی هیٚزەکانی ئەمیٚریکا لە عراق.. تاکو نەگەینەوە ئەو کاتانەی هەرەسهیٚنان و گەرِانەوەمان جاریٚکی دی بۆ شاخەکانی قەندیل و دەستپیٚکردنەوە لە سفرەوە، دەبیٚ هەر لە ئیٚستاوە خۆمان ئامادەبکەین و پلاندابنیٚین بۆ قورتاربوون لەو رۆژە ئامادەبوونیش بە کرِینی فرۆکەی سەربازی جەنگکەر و رۆکیٚتی دژی فرۆکە و کرِینی تانك و ماشیٚنی قەلٚغاندراو، هەروەها مەشقکردنی پیٚشمەرگە لەسەریان، کەواتە ئەگەر حکومەتی عراقی قایل بوو بە فیدرالیەت ئەوا باشە و ئەگەر قایل نەبوو دەبیٚ دەوڵەتی کوردی رابگەییٚندریٚ و ئەمەش تەنیا بە تفەنگ ناکریٚت و پیٚویستی بە هەموو جۆرە چەك و مەشقکردنە لەسەریان هەر لەئیٚستاوە... ئەوەش کە دەڵیٚ ئەمیٚریکاییەکان ناچنە دەرەوە و هیٚمنی دەخاتە دەروونەوە، قومار بە دوارۆژی گەلی کورد دەکات، چونکە هەموو شتێك لە رامیاریدا لەوانەیە و ئەوی حساب نەکات سەلامەت نابیٚت.**





دکتۆر کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئۆفیسی خۆی پێشوازیمان دەکات



ڕۆژی 4 – 1 – 2010 چووین بۆ ئۆفیسی ڕۆژنامەی "ڕووداو" کە خاوەنەکەی کاك ئاکۆ محمدە لە شاری هەولێر، کاك ئاکۆ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کردم، تیایدا باسی هەڵوێست و ڕوانگەی خۆمم کرد سەبارەت بە بارودۆخی ڕامیاری کوردستان تاکو پاشان لە ڕۆژنامەی "ڕووداو" دا بڵاوبکرێتەوە.

ڕۆژی 5 – 1 – 2010 ڕۆژێکی پڕ لە چاوپێکەوتن بوو و هەر لە سەر لەبەیانیەوە کاك غەفور مەخموری هات بۆ هاوینەهەوار بە دوو ماشێن و ژمارەییێك پێشمەرگەوە بۆ پارێزگاریمان تا کەرکوك و کاتێ کە بە ماشێنەکان لە هەولێر دەرچووین کاك کاوە کەرکوکی پەیوەندی کرد و هەواڵی کاتی گەیشتنمانی لێپرسین منیش وتم نزیکەی سەعات دە لە کەرکوك دەبین و کاك کاوە وتی کە هاوبیرا نمان و خێزانیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نوێنەری پارێزگاری کەرکوك و هێزێکی پۆلیسی ناوچەیی لە دەرگای شاری کەرکوك و پێش خاڵی پشکنینی "ڕەحیماوا" چاوەڕێت دەکەن و بەراستیش پێش خاڵی پشکنینی ڕەحیماوا و لە دەرگای شاری کەرکوك دانیشتوانی کەرکوك بە دروشم و ئاڵای کوردستانەوە پێشوازییان لێکردین و منداڵان گوڵیان هەڵگرتبوو بۆ پێشوازی من پاش دوورییێکی زۆرخایەن لە نیشتمان و منداڵەکان گوڵیان پێشکەشی من و هاوسەرەکەم کرد و کچان ئاڵای کوردستانیان پێشکەش کردین و دروشمیان بەرزکردبوەوە کە نووسرابوو: "بەخێرهاتنی د. جەواد دەکەین بۆ شاری کەرکوك"، لە پێش کامێرا و ئامێری تۆمارکردندا سوپاسم کردن بۆ ئەو پێشوازی و ڕێزلێنانە و پێم وتن: ئەمە نیشانەی ڕەسەنیتانە و من دەزانم کە باری شارە خەباتگێڕەکەتان زۆر کردەوەی ناسروشتی تێدایە و ئەو پشتگوێخستنە ئەنقەستەی دژی بەرژەوەندی ئێوە دەکرێت و من دەنگی خۆم لەگەڵ ئێوەدا بەرزدەکەمەوە و داوای یەك سوپای کوردستانی و یەك ڕێکخراوی ئاسایشی کوردستانی و یەك بودجە بۆ حکومەتی کوردستان دەکەم و ئەوانیش چەپڵەیان لێدەدا و لە خۆشیدا هەلهەلەیان دەکرد،







پێشوازی دانیشتوانی کەرکوك بۆمان بە گوڵ و ئاڵا و دروشم کە هەرگیز لەبیرم ناچێت









لەگەڵ هەندێك تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان





کاك کاوە پرۆگرامێکی گەورەی دانابوو بەڵام ئەفسەری ئاسایش بە ڕێکەوتن لەگەڵ کاك غەفور پرۆگرامەکەیان کورتکردەوە و لەبەر باری ئاسایشی ئاڵۆز تەنیا سێ سەردانیان بۆ هێشتمەوە، یەکەمجار چووین بۆ مەڵبەندی پارێزگای کەرکوك و پارێزگاری کەرکوك مامۆستا عەبدولرەحمان موستەفا پێشوازییێکی گەرمی لێکردین و چایما لە ئۆفیسەکەی خواردەوە و باسی بارودۆخی پارێزگای کۆستکەوتو کرد کە ئەو شتانەی لە ڕێگا دیم ئەوە بوو کە کەرکوك زبڵخانەییێکی تەواوە و هیچی دی، پیسایی لە هەموو شوێنێك و بارودۆخ بەگشتی وەك ئەوە وایە کە کەرکوك تائێستاش لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەژی بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بینیم، و بە بەڕێز پارێزگارم وتم: من زۆر بەداخم کە کەرکوك وا دەبینم کە چەندین نەقابەی ئەندازیاران و مامۆستایان و قوتابیان و کرێکاران دەبینم کە نەقابەییێك بۆ پارتی دیموکرات و ئەوی دی بۆ یەکێتی نیشتمانی و یەکێك بۆ ترکمان و ئەوی دی بۆ حکومەتی عراقی.. هتد، هەروا بە بەڕێز پارێزگارم وت کە شارەکەت لە دەوڵەمەندترین شارانە کەواتە ئەم کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنە بۆچی، وتی کە باری شارەکە لە بەینی کەین و بەیندایە و هیچمان لە نەوت پێنەگەیشتوە تەنیا بۆنەکەی نەبێت، پێم وت: "خەتای تۆ نیە بەڵکو خەتای سەرکردەی پارتە کوردیەکانن کە فیدرالیەتیان قبوڵ کردوە و فیدرالیەتەکەیان لە هیچ فیدرالیەتێکی جیهان ناچێت، چونکە هەموو هەرێمێکی فیدرالی لە جیهاندا بەشی خۆی لە سامانی خۆی وەردەگرێت و ئەوی دی دەنێرێت بۆ مەڵبەند بەڵام فیدرالیەتی کوردستان 100٪ ی سامانەکانی دەنێرێت بۆ بەغدا و پاشان سواڵ

دەکات بۆ بەشەکەی!! وە مامۆستا عەبدولرەحمان موستەفای پارێزگاری کەرکوکم ئاگادارکرد: بۆ پێویستی بەرزکردنەوەی ئالآی کوردستان و دەبێ دانیشتوانی کەرکوك لە عەرەب و ترکمان و کلدان لە ئالآی کوردستان و دەسەلآتی کوردی نەترسن چونکە گەلی کورد چەندین جار ناوچەکەیان بە داد پەروەری حوکم کردوە لەکاتی ئیمپراتۆریەتی میدیا و دەوڵەتی ئەیوبی بەلآم کەسمان ناچار نەکردوە کە نەتەوەی خۆی بگۆڕێت و ببێت بە کورد، لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێز پارێزگارم کرد و سوپاسی کردم بۆ سەردانەکە و پێی راگەیاندم کە سلآوی بگەیێنم بە د. جەمال نەبەز و پێی وتم کە چەند بە سۆزەوەیە تاکو د. جەمال لێرە لە کەرکوك لە نێوان دۆستانیدا ببینێت، و لە ئۆفیسەکەی دەرچوو لەگەڵمان بۆ ماڵئاوایی.




من هاوبیرەکانمان لەگەل مامۆستا عەبدولرەحمان موستەفای پارێزگاری شاری کەرکوك

پاشان بەکۆمەڵ چووین بۆ کڵێسای کلدانەکان و د. لویس ساکو، مەترانی کڵێسای کلدان لە کەرکوك پێشوازی لێکردم کە بە عەرەبی و زاراوەی بادینانی کوردی قسەی دەکرد و سەردانەکەی ئێمەی بۆ کڵێسای کلدان زۆر پێخۆشبوو، منیش پێم وت بەپێی زانیاری مێژوویی من کڵێسا پەیامنێری ناردوە بۆ هەموو لاییێکی جیهان و من وابزانم ئێوە کوردن و بوون بە مەسیحی ئەگینا کوا کڵێسای کوردی، یەکێك لە ئامادەبوان وتی لە موسڵ کڵێساییێکی کوردی هەیە بەلآم مەتران لویس یەکسەر وەلآمی دایەوە کە ئەوە کڵێساییێکی نوێیە وەك چۆن بە قسەکانی من قایل بێ، و مەتران لویس پاش ئەوە وتی: "هەموومان زەردەشتی بووین و ئێمە بووین بە مەسیحی و ئێوە بوون بە موسڵمان"، دوایی چا و شیرەمەنیمان خوارد و خولێکی کڵێساکەمان کرد و چەند کتێبێکی عەرەبی و کوردی داینێ و ماڵئاوایی لێکردین.




لەگەڵ مەتران لویس ساکو لە ناو ولە بەردەم کڵێسای کلدانەکان لە کەرکوك



دوایی چووین بۆ شوێنی سێهەم کە کامپی دەربەدەرکراوەکانی دانیشتوانی کەرکوکە و پاش رووخانی رژێمی سەددام حسێن گەڕانەوە شارەکەیان بەڵام حاڵیان خراپترین حاڵی باشووری کوردستانە و دووچاری پشتگوێخستن و هەژاری بێئەندازەن و 15 کەسی خێزانی جیا لە ژوورێکی وادا دەژی کە بۆ کولانەی مریشکیش ناشێ، هاوبیرمان کاك کاوە سەرۆکی رێکخراوی ئاسۆ بۆ کۆمەکی مرۆڤایەتی کە ئەم حاڵەی دی بە کاك تارقی موختاری کامپەکەی گوت کە رێکخراوەکەی پەیوەندی پێوەدەکات بۆ تەرخانکردنی هەندێك یارمەتی بۆیان.



کاك تارق باسی باری هەژاری کامپی ئاوارەکان کەرکوك دەکات لەسەر ڕێگامان بۆ کامپەکە









سەعات یەك کەرکوکمان بەجێهێشت و کاتێك گەیشتینە دەرەوەی شار قافڵەکە وەستا و دابەزیم و سوپاس و ماڵئاواییم لە هەموو بەشدارەکانی سەردانی کەرکوکم کرد و بەتایبەتی هێزەکانی پۆلیس کە ماشێنە قەڵغاندارەکانیان رەشاشی گەورەیان لەسەر بوو لەگەڵ موکەبەرەی دەنگ و هۆڕێن بۆ خۆشکردنی رێگا بۆ قافڵەکەمان و دروشمی بەخێرهاتنی د. جەواد بە ماشێنەکانی دوامانەوە هەڵواسرابوون، کاك کاوە و هاوسەرەکەی و کاك غەفور مەخموری و ئەو پێشمەرگانەی کە هەر لە بەیانییەوە لەگەڵماندا بوون و لەگەڵمان مانەوە تا گەیشتینەوە هەولێر و لە هەولێریش ماشێنێکی دی و پێشمەرگەی دی چاوەڕوانمان بوون بۆ گەیاندنمان تا هاوینەهەوار.

بە پێی ئامۆژگاری ئەفسەری ئاسایش سەردانەکەمان بۆ کەرکوك تەنیا 3 سەعاتی خایاند چونکە وتی ئینتیحاریەکان لە شاری کەرکوك کارەکانیان لە کاتی قەرەباڵغی بەیانیان زوو کە خەڵك دەچن بۆ ئیشەکانیان یان پاش نیوەڕۆ کە خەڵك ئیشەکانیان

جێدێڵن دەکەن، منیش وتم: گرنگ نیە چونکە ئێمە هێزی پاسەوانی پێشمەرگە و پۆلیسی ناوچەمان لەگەڵدایە، ئەفسەری ئاسایش وتی کە ئینتیحاری بۆیە دێت کە یەکە مجار خۆی بکوژێت و بەلاَکە پاسەوانت هەبێ یان نا هەر دێت، لەبەر ئەوە پێویستە تا دەتوانیت دوورکەویتەوە لە مەڵبەند و کاتی پڕمەترسی و پێی وتم هەرجارەی جۆرێکی نوێ لە تەقینەوەکان بەکاردەهێنن و ئەم رۆژانە جۆرێك لە بۆمبای موغناتیسی لە ئارادایە کە تیرۆریستەکە دێت و بۆمباکە دەخاتە ژێر ماشێنەکە و دەلکێت بە بنی ماشێنەکەوە و پاش چەند خولەکێك دەتەقێتەوە، هەروەها هەندێك دروستکراوی ناوچەیی هەن کە بە کاتژمێری ئامێری جل شتن کاردەکەن و کاتژمێرەکە لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکەن.

پاش کەرکوك چووین بۆ قەزای مەخمور و لە رێگا لەبەردەم پەیکەری یادگاری شەهیدانی بۆمبابارانی ئەمێریکایی ئەو هێزە کوردیانە وەستاین کە بەشدارییان لە ئازادکردنی کوردستاندا کرد و ئەو کاتە سەرکردەی هێزەکانی کورد کاك وەجیە بارزانی برابچووکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی و نوێنەری تەلەفزیۆنی BBC، تێدا بریندار بوون و لەبەردەم پەیکەرەکەدا و راستەوخۆ لەو شوێنەدا وەستاین کە بۆمبابارانەکەی تێدا روویدا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی رێگاکەوە




و پاشان بەردەوام بووین و چووین بۆ لای قائمقامی مەخمور کە بە گەرمی پێشوازی لێکردین و پاسەوانەکانی کاتی چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەمان بە دوو ڕیز وەستابوون و سلاَویان بە دەنگ و کوتانی زەوی بەقاچیان بەتوندی دەکرد، وەك نیشانەی ئامادەیی، وە کاتێك دانیشتین و لە قائمقامم پرسی کە ناوی چیە، وتی: بارزان سەید کاکە، وتم کەواتە تۆ کوڕی سەید کاکەی، وتی: بەڵێ، دیسان پێخۆشحاڵی خۆمم دەربڕی و پرسیارم لە دەنگوباسی باوکی کرد، وتی ئایا تۆ باوکم دەناسی، منیش وتم کە پێکەوە لە شاخەکانی قەندیل لە ساڵی 1983 پێشمەرگە بووین و وتی کە ئەو ئێستا باشە بەلاَم بەتەمەندا چوە، وتم تکایە سلاَوی پێ بگەیێنە و بڵێ کە من عبداللە (ناوی بزووتنەوەیی ئەوسام) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پاسۆك و ئەوسا بەوە ناوبانگم هەبوو کە خەڵکی رۆژاوای کوردستانم (کوردی سوریا) و پاش خواردنەوی چا باسی بارودۆخی مەخمورمان کرد و وتی کە مەخمور لە بواری بەڕێوەبەرایەتیەوە سەر بە بەغدایە وەك کەرکوك بەلاَم بودجەمان لە حکومەتی کوردستانەوەیە، لەکۆتاییدا سوپاسم کرد بۆ ئەو پێشوازیە و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست و تا دەرگای دەرەوە هات و ماڵئاوایی لەگەڵ کردین، پاشان چووین بۆ ماڵی کاك غەفور مەخموری و خواردنی خۆشمان خوارد کە جیاواز بوو لەوانی دی وەك قەل لەسەر ساوەر و خواردنی کوردی خۆشی دی.




پێشوازی فەرمی نایابی کاك بارزان سەید کاکە قائمقامی مەخمور بۆمان




پێشوازی جەماوەری نایابی دانیشتوانی مەخمور بۆمان بە گوڵ و ئاڵاو دروشمەوە کە هەرگیز لەبیرم ناچێ




پاشان چووین بۆ کامپی کوردە ئاوارەکانی باکووری کوردستان کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 12 هەزار کەس و لەڕێگا تووشی قافڵەییێکی سوپای ئەمێریکی بووین و ئەفسەری ئاسایش پێی وتین کە نابێ پێش قافڵەکە بکەوین و ئەگەر هاتوو بەرەو رووەمان هاتن دەبێ ماشێنەکان بوەستن تا قافڵەکەی سوپای ئەمێریکی رەتدەبێ، هەروا تێبینیمانکرد کە تۆڕی پەیوەندی مۆبایەڵەکانمان پچڕا چونکە سوپای ئەمێریکی ئامێری پێیە کە هەموو تۆڕێکی پەیوەندی دەوەستێنێ نەوەك بۆ کاری تەقینەوە لە دوورەوە بەکار بهێنرێن. کاتێك گەیشتینە کامپی کوردە ئاوارەکانی باکووری کوردستان، کاك پۆلا، لێپرسراوی پەیوەندی دەرەوەی کامپەکە پێشوازی لێکردین و بردینی بۆ خولێك لەناو کامپەکەدا وەك ئۆفیسی سەرۆکی شارەوانی ناو کامپەکە و هەندێك رێکخراوی جەماوەری ژنان و بنکەی نەمری شەهیدان کە لەوێ لە پەڕاوی سەرداندا ئیمزام کرد و چەند وتەییێکم بۆ تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان پێشکەش کرد و دیار بوو کە کامپەکەیان لە شوێنی دی رێکوپێکتر بوو.





گەڕانەکەمان بەناو کامپی مەخموری ئاوارەکانی باکووری کوردستان






**ڕۆژی 6 – 1 – 2010 هەفتەنامەی "میدیا"، بڵاوکراوەی ناوەندی یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ من بەست لەلایەن سەرنووسەر کاك کاوە نادر قادرەوە و بەئامادەیی یاریدەدەرەکەی و کاك غەفور مەخموری سکرتێری گشتی یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و پاشان چاوپێکەوتنەکە پەسەندییەکی زۆری لەناو جەماوەردا پەیداکرد کە لەسەر لاپەڕەی یەك و نۆی هەفتەنامەی میدیا لە ژمارەی بەرواری 12 – 1 – 2010 بڵاوکرایەوە.**





**پاش چاوپێکەوتنەکە چووین بۆ کامپی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەناوچەی قوشتەپە نزیك هەولێری پایتەخت و لەوێ چاومان کەوت بە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و لیژنەی بەڕێوەبەری کامپەکە و لە ماڵەکەیان چامان خواردەوە و باسی بارودۆخیانمان کرد و بۆم دەرکەوت کە نەتەوە یەکگرتوەکان بایەخی زیاتر پێداون لە کامپەکانی دی کوردە ئاوارەکانی باکوور یا ڕۆژاوای کوردستان یان ئاوارەکانی شاری کەرکوك، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو چوار کامپەی کە سەردانم کردن پێویستیان بە چاودێری و بایەخدانی حکومەتی کوردستان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتیە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە.**




ئێوارە گەڕاینەوە ئۆفیسی کاك غەفور مەخموری و پاش خواردنی ماسی مەسگوف لە چێشتخانەیێکی هەولێر، لە ئۆفیسی کاك غەفور ڕۆژنامەنووس شیلان حەمۆ و نووسەر حەواس مەحمودی ڕۆژاوای کوردستان سەردانیان کردم و باسی بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستانمان کرد کە چی دەتوانرێ بکرێ بۆ لابردنی ستەم لەسەر گەلەکەمان لەوێ؟

ڕۆژی 7 – 1 – 2010 سەعات 12.30 پاش نیوەشەو کاتی دەرچوونی فڕۆکەکەمان بوو لە هەولێر بۆ لەندەن لەڕێگای ستۆکهۆڵمەوە، ئێوارە پەیوەندیمان کرد بە فرۆکەخانەوە بۆ جەختکردنەوەی کاتی فڕین و وەڵامیان داینەوە کە فرۆکەکە سەعات 8 ی بەیانی دەردەچێ و هۆکەشی کۆبوونەوەی بەفرە لە فرۆکەخانەکانی لەندەن و ستۆکهۆڵم و سەعات شەشی بەیانی چووین بۆ فرۆکەخانەی هەولێر بەڵام پێیان وتین کە دواکەوتنی زیاتر هەیە تا سەعات دە و دوای ئەوەش تا سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، ئەم کاتەیان بە نەگۆڕراوی مایەوە و فرۆکەکە بەرەو ستۆکهۆڵم دەرچوو و لە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵمیش زۆر چاوەڕێمان کرد و پاش 4 سەعات فڕۆکەکە دەرچوو بەرەو لەندەن و پاش نیوەشەو ستایش بۆ خۆا گەیشتین.

کاتێ کە خۆم و هاوسەرەکەم لە فرۆکەخانەی هەولێر چاوەڕێمان دەکرد لە هۆڵەکەدا وێنەیێکی گەورەی خوالێخۆشبوو بارزانیمان بینی کە لە پاڵیدا ئالاّی عراق و ئالاّی کوردستان هەبوون، ویستم شتێك بکەم تاکو ڕۆحی خوالێخۆشبوو بارزانی ڕەحەت بکات بەوەی کە ئالاّی عراق لە وێنەکەی دوورخەمەوە، ئەو ئالاّیەی کە خوالێخۆشبوو بەرزانی هەموو تەمەنی ئاوارەکرد لە هەندەران و لوتکەی شاخان، تەنانەت پاش مردنیشی بەهۆی ئەم ئالاّیەوە بوو کە دوور لە شوێنی لەدایکبوونی بارزان نێژرا، لەو هۆڵی VIP هۆڵی پێشوازیە چەندین کارمەندانی ئاسایش و فرۆکەخانە و چەند کۆچکەرێك هەبوون، وام پیشاندا کە دەمەوێ وێنەیێك بگرم لەگەڵ ئالاّی کوردستان و وێنەی بارزانی و ئالاّکەی عراقم هەڵگرت و خستمە پاش ئالاّی کوردستان و لەگەڵ لەیلا خان دانیشتین و وێنەمان گرت، تاکو کاتی فرۆکەکەش بۆ ماوەی 5 سەعات زیاتر ئالاّی عراق بە نەبینراوی مایەوە و کەس لە کارمەندانی ئاسایش یا فەرمانبەران نەهات تاکو بیخاتەوە شوێنی خۆی و لەوانەیە ئێستاش هەر بە نەبینراوی مابێتەوە، بەڵام کاتێ گەیشتمەوە لەندەن و وێنەکەم چاپکرد بینیم هێڵێکی ڕەش لە تەنیشت ئالاّی کوردستانەوەیە و ئەو ڕەنگە ڕەشە قەراغی ئالاّی عراق بوو کە بەداخەوە لە وێنەکەدا دەرچوە.



## بەراورد و سەرەنجامەكانم

1. لەساڵی 1972 كاتێك سەردانی كوردستانم كرد سلێمانی و هەولێر و دهۆك گوندێكی تۆزێ گەورە بوون و لەوانەیە سلێمانی زیاتر لە شار دەچوو چونكە زانكۆكەی تێدابوو بەلاَم ئێستا لەراستیدا بوون بە شاری گەورە و جادەكانیان و باخەكانیان پاك و لە هەندێك لە بازارەكانی هەولێر جیاوازییێكم لەگەڵ بازارەكانی لەندەن نەدی سەبارەت بە رێكخستن و جۆری شتومەك.

2. ساڵی 1972 كە سەردانی كوردستانم كرد توێژی كرێكار و جوتیار و قوتابی و دی سیمای ئاشكرای خۆیان هەبوو و هەر یەكەشیان رازی و قایل بوو بە بەشی خۆی و كاری خۆیان بە هیمەت و لەخۆبوردووییەوە دەكرد و تا 1982 كە پێشمەرگە بووم مەفرەزەكانی حزبی پاسۆكمان بە گوندەكاندا دەگەڕا و پێشوازییان لێ دەكرا و بەسەر ماڵەكاندا دابەش دەكران تاكو بخۆن و بنوون و رۆژی دواییش مەفرەزەكانی پارتی و یەكێتی و شیوعی و سوشیالیست و دی دەبوونە میوانیان كەچی ئێستا هیچ بەرهەمێك نە لە گوند و نە لە شار نەماوە و هەموویان بوونەتە مەعاشخۆری حزبە گەورەكان تاكو لە هەڵبژاردندا دەنگیان بۆ بدەن، وە هەولێر ئەوسا بەناوبانگ بوو بە بەرهەمی شیر كەچی ئێستا هیچ بەرهەمی هەولێر دیار نیە و بازار پڕیەتی لە بەرهەمی سوری و تركی و ئێرانی و بە واتاییێكی دی ئەو كەسانەی كە بەیانیان مەعاشەكەیان وەردەگرن ئێوارە مەعاشەكەیان لە دیمەشق و تاران و ئەنقەرەیە یاخود گەلی كورد بوە بە گەلێكی مشەخۆری بێ بەرهەم، كەواتە ئەگەر ولاَتانی دراوسێ سنوورەكانیان لەگەڵ كوردستان بۆ ماوەی هەفتەییێك بگرن گەلی كوردی باشووری كوردستان تووشی برسیەتی دەبێت، چونكە بەو مەعاشەی كە بەبێ بەرهەم بەسەر گەلدا دابەش دەكرێ ستروكتوری ژێرەوە لە كوردستان تێكچووە كە لە هەموو كاتێكی رابردوودا ساغ بوە، ئەی بۆچی سەددام حسێن 5000 گوندی كوردی تێكدا؟ چونكە مەترسی خۆبەستی گوندە كوردیەكانی دەزانی كە بەشی گەل و بەشی هێزی پێشمەرگەشی دەكرد، بەلاَم گوندە كوردیەكان بەم شێوە بێ بەرهەمەی ئێستا و نەمانیان لە كاتی رژێمی گۆڕبەگۆڕدا هەر یەك سەرەنجامیان هەیە و گەلی بێ بەرهەم دەبێتە نێچیرێكی ئاسان بۆ ئەوانەی كە پارەیان هەیە و سبەینێ یەكێك دێت كە پارەی زیاترە.. كەسێ كەسە ئەلفێكی بەسە.

3. ساڵی 1972 كە سەردانی كوردستانم كرد من تەنیا كەس بووم كە جلی ئەفەندیم لەبەردا بوو و هەموو گەلی كورد جلی كوردییان لەبەردا بوو، كەچی ئەمجارە ساڵی 2009 – 2010 تەنیا من جلی كوردیم لەبەردا بوو و زۆربەی گەلی كورد جلی ئەفەندییان لەبەردابوو تاكو تەرا نەبێت.

4. ساڵی 1972 كاتێ سەردانی كوردستانم كرد باشترین وێنەی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریم لە بەرزترین ئاستدا دەبینی و ئەمڕۆ گۆڕانی و زیادە مەسرەفی و كەمتەرخەمیم لە بەرزترین ئاستدا بینی و خۆزگە ئەو دڵسۆزیەی ئەوسا بۆ كوردستان و ئەم توانا مادیەی ئێستام بەیەكەوە كۆدەكردەوە!!!

5. ساڵی 1972 كە سەردانی كوردستانم كرد هێشتا ولاَتانی دراوسێ ئەو بایەخە گرنگەیان نەدەدا بە كوردستان بۆیە كاری سیخوڕییان دژی بزووتنەوەی كورد لە ئاستێكی كەمدا بوو بەلاَم لە 1974 كە شۆڕش توانی سەركردایەتی 150 هەزار پێشمەرگە بكات ترس كەوتە دڵی ولاَتانی دراوسێ بۆیە لەوكاتەوە ولاَتانی دراوسێ ستراتیژی خۆیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی كوردی لە پشت بەستن بە راپۆرت نووسەكانەوە گۆڕی بۆ ناردنی كەسانی مەشق پێدراو و بەتوانای بیردۆزی و مادی بۆ ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانی و بەمەش توانیان پایەی بەرز بە خێراییێكی زۆر بگرنە دەست و من لیستەی ناوەكانیان و پایە هەستیار و گرنگەكانیانم لایە لە كاتی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ سەددام حسێن و

**پایەی زیاتر هەستیار و گرنگیان ئێستا لەسایەی سەرکردایەتی پارتە کوردیەکان، لە ئەنجامی ئەوەشدا دیارە بەشێوەییێکی ئۆتۆماتیکی پشتگوێخستن و دوورخستنەوە بوو بە بەشی کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز، بەڵکو نەك هەر دڵسۆز تەنانەت خاوەن توانای ئەکادیمی و پسپۆری زانستی وەك د. جەمال نەبەز و د. جەمال رەشید ئەحمەد و مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف و پارێزەر کامل ژیر و کەسانی دی.**



6. **ساڵی** 1972 **کاتێ سەردانی کوردستانم کرد سەرکردایەتی کورد بۆ دەیان ساڵ نەفرەتیان لە بەعس دەکرد کەچی ئەمڕۆ بینیم کە بەعسی سوریا نزیکترین دۆستی سەرکردە کوردیەکانە.**
7. **ساڵی** 1972 **کە سەردانی کوردستانم کرد سەرکردە کوردیەکان هەموو دەمێك باسی ئەوەیان دەکرد کە وڵاتانی دراوسێن کە پیلان دژی کوردستان دەگێڕن و ئێستاش سەرکردە کوردیەکان دەڵێن کە وڵاتانی دراوسێن کاری تیرۆریستی لە عراقدا دەکەن کەچی وڵاتانی دراوسێ نزیکترین دۆستی سەرکردە کوردیەکانن.**
8. **ساڵی** 1972 **کاتێ سەردانی کوردستانم کرد سەرکردە کوردیەکان دەیان وت "کوردستان یا نەمان" کەچی ئێستا تا نەمانیش هەر لەگەڵ عراقدان.**
9. **ساڵی** 1972 **کە سەردانی کوردستانم کرد سەرکردە کوردیەکان دەیان وت "کوردستان بۆ کوردان" کەچی ئێستا سامانەکانی کوردستانیان پێشکەشی عراق کردوە کە پێش هەموویان نەوتە.**
10. **ساڵی** 1972 **کە سەردانی کوردستانم کرد سەرکردایەتیە کوردیەکان قوماربازییان دەکرد و نەیاندەزانی کە هەموو شتێك لە رامیاریدا لەوانەیە، بۆیە وایان دانابوو کە مەحاڵە شای ئێران لەگەڵ حزبی بەعس رێککەوێت بەتایبەتی پاش بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی عراق لەگەڵ سۆڤیەت بەڵام شای ئێران دژی کورد لەگەڵ حزبی بەعس رێککەوت لە رێککەوتننامەی جەزایری** 1975**، وە ساڵی** 1982 **سەرکردایەتی کورد قوماری دەکرد کە مەحاڵە خومەینی لەگەڵ حزبی بەعسی کافر رێککەوێت، کەچی خومەینی دژی کورد لەساڵی** 1988 **لەگەڵ حزبی بەعس رێککەوت، ئەمرۆش سەرکردایەتی کورد قومار بەوە دەکات کە ئەمێریکا هاوپەیمانی کوردستانە و لە عراق دەرناچێ و بەتایبەتیش لە کوردستان بێ ئەوەی بزانێت کە ئەمێریکا لە ڤییێتنام و سۆماڵ و لوبنان شەڕی کردوە و هەندێك جار نەك هەر کشاوەتەوە بەڵکو نەیزانیوە چۆن رابکات، هەروا سەرکردایەتیە کوردیەکان قومار بەوە دەکەن کە کورد و عەرەب بران و قومار دەکەن کە فیدرالیەت سەرکەوتوو دەبێت و چەندین قوماری دی و لە راستیشدا ئەمێریکاییەکان هیچ ئاگاییێکیان لە هاوپەیمانە کوردەکانیان نیە چونکە ئەمە تەنیا لە خەیاڵی قومارچیەکاندایە، و تا ئێستاش نەمدیوە و نەم بیستوە کە عەرەب برای کوردن و تەنانەت کەسیش نیە کە دان بنێت بە فیدرالیەتی کورددا، وشەی فیدرالیزم لە دەستووری عراقدا نیە و لەسەر دەرگای ئۆفیسەکانی دەوڵەتی عراق و باڵوێزخانەکانی و لە پاسپۆرتەکانیدا نەنووسراوە، کەواتە فیدرالیەت تەنیا لە خەیاڵی سەرکردە کوردییەکاندایە و بەس، چونکە فەرمانڕەوایانی عراق پاش روخاندنی دەوڵەتی بەعس هیچ وشەییێکی داوای لێبوردنیان نەبزووت بۆ ئەو هەموو**

**قەسابکارییانەی کە عراق دژی گەلی کورد کردبووی کە خۆی لە خۆیدا قایل بوونێکە بەو تاوانانە لەلایەن فەرمانڕەوایانی عراقی نوێ وەك برێمەر و ئەلیاوەر و عەلاوی و ئەلجەعفەری و ئەلمالکی و لێرەدا ئەوەم لەسەرە کە وتەیێکی تاوانبار سەددام حسێن دووبارە کەمەوە کە : عراقیەکان بەعسین تەنانەت ئەگەر نەبنە ئەندامی حزبی بەعسیش، واتە ئەوانەی کە نەبوونەتە ئەندامی حزبی بەعسیش هەر وەك بەعسی رەفتار دەکەن و دەروونی بەعس کۆنترۆڵی کردوە بەسەر دەروونیاندا تەنانەت ئەگەر بەعسیش نەبن.**

11. **سەرکردایەتیە کوردیەکان دەڵێن کە لە ناوخۆیاندا رێککەوتوون کەچی ئاسایشی سلێمانی ملیارەها دژی ئاسایشی هەولێر سەرف دەکات و ئاسایشی هەولێریش ملیارەها دژی ئاسایشی سلێمانی.**
12. **سەرکردایەتیە کوردیەکان هەموو شتێکیان لە نێوان خۆیاندا بەشکردوە تەنانەت ئاسمانیش بە تۆڕەکانی کۆرەك و ئاسیا.**

**لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی تەواوم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە سەردانەکەمدا کۆمەکیان کردم کە ئەمانەن: خوشکانی د. جەمال نەبەز هەردوو نعمەت خان و نافعە خان، کاك عەتۆ زێباری و خێزانی، کاك شێرزاد دهۆکی و خێزانی، کاك کاوە کەرکوکی و خێزانی، کاك غەفور مەخموری و خێزانی، کاك نزار محمد و هاوبیرانی، کاك دوستیك عەبدولرەقیب یوسف و خێزانی، کاك لەتیف سلێمانی و خێزانی، لیوا مەنسوور حەفید و خێزانی، کاك کامل ژیر و خێزانی، کاك تەوفیق سەعید و هاوبیرانی، کاك فەرهاد عەبدولحەمید و خێزانی و هاوسەرم لەیلا خان و کەسوکاری.**

Dr Jawad Mella
WKA، Palingswick House
241 King Street
London W6 9LP

Tel: 0208 748 7874
Fax: 0208 7416436
Mobile: 07768 266005

e-mail: wka@knc.org.uk
info@westernkurdistan.org.uk

websites:
www.knc.org.uk
www.westernkurdistan.org.uk